ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com


## دوکتۆر ئەسعەد رەشیدی: سەیر نیيە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، دوواکەوتویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زەمینەو بنەڕەتی ماددی دەسەڵاتی رەهاو پاوانخوازی بنیادناوەو بە ئاراستە فیکری و سیاسییەکانی رەوایی بەخشیوە...

**ئاماژە:**

**هەلومەرجی سیاسیی کوردستان لە بەر جوگرفیای دابەشکراوی سیاسیو ژیۆپۆلتیکی سەخت، بەردەوام لە رەوشێکی نالەباردا بووە. ئەم بارودۆخە بە درێژایی چەندین سەدە بەردەوام بووەو بە مێژوویەکی خوێناویدا تێپەڕیوە، بزووتنەوەی کورد بەمەبەستی دیاری کردنی مافی چارەنووس و گەیشتن بەمافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا سەری هەڵدا. سەدەی بیستەم تراژیکترین سەدەی مێژووی کوردە کە بزووتنەوەی کورد هەوراز و نشێوی زۆری تێپەڕاند، شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی، جەمسەربەندی جیهان بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا، دامەزرانی حزب و رێکخراوی مۆدێرنی کوردی، تەشەنەکردنی بیری چەپ و مارکسیزم ـ لینینیزم و دواهاتەکانی شۆڕشی 57 ی ئێران، رێفۆرم و ئیسلاحات لە ئێران و بزووتنەوەی سەوز، بەهاری عەرەبی و نادیاربوونی ئاسۆی کورد لە نێوان قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی رۆژهەڵاتی ناوین. هەموو ئەمانە لەم زەنجیرە وتووێژانەدا دەکەونە بەرباسەوە!**

**هەدەف لەم زەنجیرە وتووێژە لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی رۆژهەلاتی کوردستان ، خەسارناسی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەرفەت، سەرکەوتن، شکستەکان و ئاسۆی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.**

**خوێنەرانی خۆشەویست، ئەم زەنجیرە وتووێژە لە رێگای ئەنترنێتەوە ئەنجام دراوە، لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو نوسەرە خۆشەویستانە دەکەم کە هاتن بەدەم بانگەوازەکەمە، بەو هیوایە بە رۆنانی ئەزموون و روانگەی هاوبەشی ئەوان، ئەزموونێکی دیکە و روانگەیەکی دیکە و دەروازەیەکی کراوە بەرووی رەخنە و خەسارناسی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بکرێتەوە. شایانی گوتنە کە ئەم وتووێژانە بۆ هەموو ماڵپەرە کوردییەکانە و هەموو ماڵپەرەکان ئازادن لە بڵاو کردنەوەی دا.**

**لەگەڵ رێزمدا**
**ئەفراسیاب گرامی**



**پ ـ سەرەتا وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەمانەوە، بزووتنەوەی کورد لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە چۆن پێناسە دەکەن؟**

**د.ئەسعەد رەشیدی** ـ بۆ لێکۆلینەوەی دۆخی کوردو شیکاری لایەنو ئاراستە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورد، وێدەچیت کە دەبێ بەر لە هەموو شتێک، قۆناخەکانی شۆڕشی کورد و رووداوەکانی گرنگ ئەم قۆناخانە دەست نیشان بکرێن و دواتر تایبەتمەندییەکانی هەر یەک لەم قۆناخانە، کە بێدوودلێەوە لە بەستێنەیەکی مێژوویی دیاریکراودا روویانداوە، لە بەرچاوبگرین و دوواجار دەتواندرێت پروسەی جێبەجێ بوون وئاڵۆگۆرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری (بەشداری چین و تویژەکان، بنیاتەکان...) و کارتیکردنیان لە ژیانی، سیاسی ـ ئابووری، کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگیدا شیبکرێتەوە.

بەم شێوەیە بنەماو بنەڕەتی کێشەکان و ململانێەکانی هستیار و ئاڵۆزی پرسی کورد وەدەردەکەونو ئاشکار دەبن و دەبێتە هۆکاری فەراهەم کردنی زەمینەیەک بۆ پیناسە کردن و تۆێژینەوەی ئامانج و ئاواتەکانی کوردان کە گرێدراون بە مەیلی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە بۆ گۆران و دەربازبوون لە بنبەستی سیاسی و مێژوویی دەهەکان و سەدەکان. سەرجەمی ئەم رووداوانە، چ لە فۆرم و چ لە لە ناوەرۆکدا واتای کۆمەڵناسی کورد وێنادەکەن و بایەخەکان و بەهرەکانی دۆزی کورد دەخەنە روو.

من پیم وایە بێ کاریگەری پیوەندییەکانی نیۆنەتەویی بە گشتی و بێ لە بەرچاوگرتنی واقعیەتەکانی ناوچەیی بە تایبەت لە مەر دۆخی ئاڵوزو دوژواری جۆڵانەوەی کورد، ئەستەمە گرفتەکان و سەرکەوتنەکان و شکستەکان؛ لانیکەم لە سەدسالی رابردوودا ببنە بنەمایەکی بەرفراوان و زانستی بۆ پێناسە کردنی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا.

**پ ـــ بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە ئاکامی کێشەو کەلێنی نەتەوەیی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیڕەو دەکرا سەری هەڵدا بەگشتی بەستێنەکان و قۆناخەکانی گەشەکردن و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد کامانەن؟**

و ـ لازاریڤ( 1930ـ 2010) کوردناسی بە ناوبانگی رووس ئاماژە ئەداتە سێ قۆناخی گرنگ و هستیار لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد، کە بریتین لە: قۆناخەکانی شەری هەوڵ و دووهەمی جیهانی و قۆناخی سیهەم تەرخان دەکات بە دوای گریدانی رێکەوتننامەی الجزایرەوە. (1) بەڵام سەرەرای ئەم شیکاریە زانستیانە لازارێڤ کە لە بواری مێژووییە گرنگە و شایانی رێزە؛ وێدەچیت کە دۆخی بزووتنەوەی کورد بە هۆی بەلگەوفاکتەکانی مێژوویی و کۆمەلناسیەوە ئەشێ لە روومەت و سیمای ناسیونالیزمی تازە پێگەیشتوی کورد کە لە ئاخروئۆخری چەرخی نوزدەدا سەری هەڵدا، وێنابکرێت.

شۆڕشی شیخ عوبەیدوڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠، بناغەو بنەڕەتی ناسیونالیزم و دیسکۆرسی نە تەویی کوردی لە ئاستی نیونەتەویی و ناوچەکەدا بەرجەستە دەکاتەوەو مەیڵ و ئێرادەی نەتەوەیی بۆ دامەرزاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە پانتای سیاسی ئەوسەردەمەدا دەخاتەڕوو. ستراتێژی سیاسی راپەرینی سالی ١٨٨٠، هەوڵدانێک بوو بۆ ئازادکردنی کوردستان لە ستمکاری و دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئێران و عۆسمانی و پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ. د. جەلیل جەلیلی لە پەرتۆکە بەنرخەکەیدا (شۆڕشی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠) ئاماژەدەکات بە نامەی ژێنراڵی رووس زیلین کە لە پازدەی فوریەی ١٨٨٠ بۆ بنکەی سەرەکی قەفقازی ناردوە. لەو یادداشتەدا ژێنراڵ زیلین دەنووسێ «شیخ عوبەیدوڵا لە لاوازی دەوڵەتی عوسمانی کە رۆبەروی هەڵوەشاندەوە بوەتەوە کەڵک وەردەگرێت و خواستی جوودابونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی هەیەو بە تەمایە حکۆمەتێکی تەواو سەربەخۆ سازبکات» (2). لەمەش گرنگتر دەبی ئاماژە بدرێتە بۆچوونی شیخ عۆبەیدوڵا کە بە یەکێک لە نێونەرانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای راگەیاندوە «نەتەوی کورد خەلکێکی جیاوازن، مەزهەبی ئەم خەڵکە تەوفیری هەس لە تەک مەزهەبی خەڵکانی دیکەو خاونی داب و نەریتیەکی جوودان... سەروک و ریبەرانی کوردستان، چ هاوڵاتی ئێران و یان تورک بن و هەروەها خەڵکی کوردستان، هەموویان هاودەنگن لە سەر ئەوەی کە لە گەل ئەم دو حکۆمەتە ناتوانن هەڵبکەن و دەبێت کاری بکەین کە دەوڵەتگەلی ئۆرۆپی تیبەگەن و لەم باریەوە لێبکەوڵنەوە... خەڵکی کورد نەتەویەکی جیاوازن... ئیمە خوازیاری بەدەست گرتنی ئەرکەکانی خۆمانین». (3) ئەم بزاوتە رزگاریخوازە لە ئاکامی نائاراستەیی بەرژەوەندییەکانی نێونەتەویی وڵاتانی گەورەی جیهانی لە تەک بەرژەوەندی کورد لە لایەکەوەو و هەروەها سەرکوتکاری و دەمارگرژی ناسیونالیزمی تورک و فارس و عەرب لە لایەکەی ترەوە، نەیتوانی ئامانجەکانی دستەبەر بکات و بە نیمەچڵی مایەوەو کەوتە پەراوێزی مێژووەوە. قۆناخی دوهەم، لە تەک شۆڕشی شیخ سەعیدی پیرانەوە دەست پێدکات و تا کۆتایی شۆڕشی درسیم لە ١٩٣٩ دا بەردەوام دەبێت. ئەم شۆڕشانە وەک درێژەدەری رێگاو شوێنی سەرهەڵدانەکانی پێشووی بزاوتی کورد وێنا دەکرێن، کە لە چوارچێوە بۆتە کەلاسیکەکانی پێش خۆیدا مایەوەو و ئاڵوگۆری بنیاتی لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە بە خۆیەوە نابێنیت. بە هۆی گۆرانی هاوسەنگی هێز؛ ئاکامی شەری کاوڵکاری دوهەمی جیهانی، سیستمی کۆنی پێوەندیەکانی نێونەتەوەی، واتا، رێکەوتننامەی وێست فالێن ١٦٤٨ (Peace of Westphalia ) هەڵوشایەوەو دونیای دوو جەمسەری لە سیمای شەری سارد و پێکهاتە سیاسی و ئابووریە نۆێەکان هاتنە ئاراوەوە. سەرهەڵدان و ئاوابوونی کۆماری کوردستان (مەهاباد) لە ١٩٤٦ لە روی شروڤەکاری دوزی ناسیونالیزمی کوردەوە بە قۆناخێکی گرنگ و ویستگەیەکی هستیار، لە هەر دوو ئاستی ناوەکی و دەرکیەوە دەژمێردرێت. هەرسهێنانی کۆماری کوردستان لە هەر سۆنگەێیکە وە لێکبدرێتەوە ئەو راستیە ناشارێتەوە کە دوخی ئاڵوز و پێشبینی نە کراوی ناسیونالیزمی کورد، لە م سەردەمە دا لە تەک کێشەو ناتبایی و پێشبرکی سیاسی و ئیدەئۆلۆژیدا چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوچەێیەوە پێناسە دەکرێت. کاتێک لە رەهەندی مێژووییەوە ڕادەمێنین، بۆمان دەرئەکەوی کە کۆماری کوردستان، ئاراستە یەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز (تەشکی چینایەتی، سەنگی رۆشنبیری سەرکردایەتی، دیپلۆماسی و راگەیاندن) ی لە گەڵ بزووتنەوەکانی پێش خۆیدا رەچاو دەکردو بەڵام نەێتوانی ببێت بە هۆکارێەکی دینامیک و هێزی پاڵنەر کە پێکهاتەی ناسیونالیزمی لاواز و پرشوو بڵاوی کورد لە دەروندا تکانی بدات و بی هارۆژێنی و بە شێوەیەکی بنەڕەتی رۆخساری بگۆرێ.

لە تەک سەرهەڵدان و ئاوابوونی شۆڕشی ئەیلۆل لە کۆتایی شەستەکاندا تاگریدانی رێکەوتننامەی جزیرە لە ١٩٧٥، شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و رووداوە دڵ تزێنەکانی ئەنفال و تراژیدیای حەلبجە لە باشۆری کوردستاندا، بنەما ی قۆناخی چوارمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دامەزرا. لە تەک ڕوخانی دیواری برلین لە ١٩٨٩ دەستپیکردنی شەری دوهەمی کەنداوی فارس لە ١٩٩٠ و وردوخان کردنی سپای دەوڵەتی عێراق لە لایەن ئمریکاو هێزەکانی هاوپیمان، دەرفەتێەکی بێ وێنەی مێژوویی بۆ کورد لە پانتای سیاسەت جیهانی و پێوەندیەکانی نێونەتەوییەوە هەڵکەوت و هەولەین جار لە مێژووی

**بیوگرافییەکی کورتی دوکتۆر ئەسعەد رەشیدی:**

دوکتۆر ئەسعەد رەشیدی شاعیرو نووسەری کورد لە ساڵی 1957 لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوەتەدنیاوە. قوناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەم شاردەدا تەواوکردوەو کۆمەڵێک هۆنراوەو بابەتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی فارسی ئەوسەردەمەی ئێراندا بڵاوکردوەتەوە.

لە ساڵی 1979 ببوەتە ئەندامی شوورای نووسەران و هونەرمەندانی ئێران.

بە هۆی بارودوخی ئاڵوزو نالەباری سیاسی ئێران و کوردستانەوە؛ ئاکامی دەسەڵاتی رژیمی سەرکوتکارو پاوانخۆازی کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردستانی بەجێهێشتوەوەو لە هەندەران گرساوەتەوە.

خوێندنی باڵای لە زانستگەی دەوڵەتی رووسیە، زانکوی مێژوو تەواو کردوەو بروانامەی مەجستەری لە بواری مێژووو زانستی سیاسی بەدەست هێناوە.

خاوەنی بروانامەی دوکتۆرایە لە بواری پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی لە ساڵی 2003لە زانستگەی دەوڵەتی رووسیا ، زانکوی پەیوەنەیەکانی نێونەتەویی .

ویێبلۆگی نووسەر:
www.irma-a.blogspot.com



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com

هاوچاخی بزاڤی کورد، بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و کورد هاوئاراستەو هاوخوان کران. دوواتر بە هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتی جاران و لەنێوچۆنی شەری سارد ئەم پروسەیە خێراترو چرتر بوو و مێژوو بە شێوەیەکی سەرسۆڕهێنەرو بوێرانە هەڵە مەزنو مەرگ ساتە دژ بە کوردەکەی لە کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) ڕاست کردەوە. شایانی وەبیرهێنانەویە کە شەری سارد لە ڕۆژهە لاتی ناوەراستدا بە ڕۆخاندنی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان هاتەئارەوەو بە دامەزراندنی هەریمی باشوری کوردستان لەم ناوچەیەدا کۆتایی پێ هات.

هۆکار و پاڵنەری دیسکۆرسی نەتەوەیی لە پانتای سیاسی کوردستاندا لە ئاخرووئۆخری چەرخی نۆزدەو سەرتای چەرخی بیستمدا لە تەک ئاڵووگۆرەکانی سیاسی و گۆرانی ژئۆپۆلیتیکی جیهاندا پێوەندی راستەوخۆی هەیە و لە ژیر کاریگەری ئەم رووداوە مەزنەدا و لە سیمای دووئالیزمی سیاسی* لە دەرونی ناسیونالیزمی کورد، وەکو هێلێکی سەرەکی لە ئەو کاتەوە تا هەنۆکە درێژەی بوەو و خۆی نواندوە. سەر بە خۆیی کوردستان و فۆرمەکانی تری، واتا، خۆدموختاری و فێدرالیسم لە پارچە لێکترازاوەکانی کوردستان (بە تایبەتمەندیەکانیشێەوە) گرنگی ئەم ئاراستە سیاسیە جیاوازانە ئاشکار دەکات کە لە روانگاو و دیدوو بۆچوونەکانی رێکخراوەو حزبە سیاسیەکان و هەروەها کۆرو کۆمەڵە ناحێزبی و مەدنی و ڕۆشنبیریەکاندا رەنگی داوەتەوە.

ئەگەر کۆک بین لە سەر ئەم وێستگەیە لە مەر پۆلینکردنی قۆناخەکانی ناسیونالیزمی هاوچاخی کورد کە پێشتر ئاماژەی پیکرا، ئەوجار دەتوانیین پروسەی سەرهەڵدان و پەرەسەندن و گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بەستینە مێژوییەکی خۆیدا وێنابکەێن. دیارە ئەم تاووتۆکردنە لە فەزای سیاسی ـ ئابووری و کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی گۆرانکارییە گەوەرەکان، واتا، دابەشکردن و دەست وەدەست بوونی ژئوپۆلێتیکی و ژئوستراتێژیکی جیهان و ترازانی

**هۆکار و پاڵنەری دیسکۆرسی نەتەوەیی لە پانتای سیاسی کوردستاندا لە ئاخرووئۆخری چەرخی نۆزدەو سەرتای چەرخی بیستمدا لە تەک ئاڵووگۆرەکانی سیاسی و گۆرانی ژئۆپۆلیتیکی جیهاندا پێوەندی راستەوخۆی هەیە و لە ژیر کاریگەری ئەم رووداوە مەزنەدا و لە سیمای دووئالیزمی سیاسی لە دەرونی ناسیونالیزمی کورد، وەکو هێلێکی سەرەکی لە ئەو کاتەوە تا هەنۆکە درێژەی بوەو و خۆی نواندوە. سەر بە خۆیی کوردستان و فۆرمەکانی تری، واتا، خۆدموختاری و فێدرالیسم لە پارچە لێکترازاوەکانی کوردستان (بە تایبەتمەندیەکانیشێەوە) گرنگی ئەم ئاراستە سیاسیە جیاوازانە ئاشکار دەکات**

هاوسەنگی هێز دەردەکەوێ و مانا پەیدادەکات.

وێدەچیت رووداوە مێژوییەکان و وەرچەرخانەکانی سیاسی کورد (شۆرِشەکانی شێخ عوبەیدوڵا، شیخ سەعید، شیخ مەحمود، سەید رەزا، کۆماری کوردستان، شۆرِشی ئەیلۆل، هەریمی کوردستان) وەکۆ قۆناخەکانی گرنگ و کاریگەر، ئاڵقەگەرێکن کە زەنجێری ناسیونالیزمی کوردی پیکهێناوە و بەرگر بووە لە توانەوەی نەتەوەی کورد.

بە کۆرتی و بە گشتی قۆناخەکان و یا دەورەکان لە سەر سێ ئاستی کارتیکەر دادەمەزرێن:

هەوەڵ، گۆران و هەڵوەشانەوەی ئەو سیستمانەو پێکهاتانەن کە بە دەسەڵاتەکانی (ناوەند و دەورەبەر) کۆنەوە بەستراونەتەوە.

دوهەم، پەیدابوون و درووستبوونی جەمسەرو ناوەندەکانی دەسەڵات بە یەکەکانێشێەوە.

و لە کۆتاییدا، پەرەسندن و گەشەکردنی پێکهاتەکانی ناحکۆمەتی لە ئاستی زانست و تکنولۆژی کە دەبنە هێزی ورووژێنەر و گاریگەر.

**پ ـ سەرهەڵدانی بزاڤی رووناکبیریی کورد بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردەواری چۆن هەلدەسەنگێنن؟**

پ ـ بزاڤی ڕۆشنبیری کورد وەک هەر جۆڵانەوەیەکی تری ڕۆناکبیری لە کۆمەڵگاکانی جیاوازی جیهاندا لە سەر بناغە و بنەمای پێگەکانی مادی و بەستینی فەرهەنگی سازکراوەو لە پروسیەکی مێژوویێیدا پەرەی سندوەو مۆرکی تایبەت و کاریگەری لە سەر رووداوەکان و بە گشتی کۆمەڵگا داناوە. بە گوشەنیگایەک بە سەر ئەم چەمکە، واتا ئەرکی رۆشنگەری لە پێشداو دواتر رەوتی ڕوناکبیری کە لە دوو ئاراستەی کۆمەڵناسی و مێژوویێیدا دێتە ئاراوەو؛ ئەستەمە رەگ وریشەی رەواڵەت و ناوەرۆکی پەیدابوون و سەرهەڵدانی حزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵاتیەکان لێکبدرێتەوە.

لە سەرتای سەدەی بیستمدا بونیاتەکانی دامەزراوی ئیمپراتوری عوسمانی، واتا سەرجەمی سیستم و پێکهاتەکانی سیاسی و ئابووری تووشی قەیران و ئاڵۆزی گشتگیرو فرەئاراستەیی بوو. ئەم دیاردەیە ئاکامی لۆژیکی ناکارامەبوون و هەروەهاجیاکاری دژ بەکوردانی لە لایەن دەوڵەتی باب عالیەوە وەدەردەخست و لەوئەوپەری لۆتکەی خۆیەوە چەقیبەستەبوو و هەرەشیەکی گەورەبوو بۆ پەرەسندنی خۆیەتی لەوڵاتدا. پەیدابوونی درزوکەلین و تەشنەکردنی ئەم قەیرانە کۆتایی پی نەهاتوانە، سروشتی بوو کە کاردانەوی قۆلی لە بارخانی پەیوندییەکانی کۆمەڵایەتی، نەتەویی بە کوردو تورک و ئەرمەنی و نەتەوەکانی ترەوە بەجێ بهێلێت.

سەرەتای چەرخی بیستم ئەگەر بە سەردەمی گرژی و تیکهەڵچۆنی ناسیونالیزم (شەری هەوەڵی جیهانی) دەژمێردرێت، بەدیوەکەی تریەوە مۆرک و هێڵی ئاوابوون و هەڵوەشانەوەی ئمپراتوریەکانی بە رۆخساریەوە ئاشکراو دیارە. رەوتی هەرسهێنانی ئیمپراتوریەکان لە ڕوانگای مێژوویەوەو و بە بژارەی(تعبیر) ی هێگل، واتا، «لۆژیکی دەرونی» دیاردەکان، بە تەواوی تەباو هاوخوانە و دەبێتە سۆنگەو ڕسکانی سەرکی بۆ لەبەریکترازان و هەڵوەشانەوەی تانوپوە بە زەبروزەنگە چنراوەکانی.

هەرلەم کاتەو سەردەمەدایە کە دەستەیەک لە بەریوبەرانی جارانی بزاڤی کورد لە باکۆری کوردستاندا کە لە سۆنگەی کۆمەڵاتیەوە بە چینی لاوازی ئەریستوکراسی کوردەوە وابەستە بوون هزرو و بیری دامزراندنی فۆرمێکی نۆێ سیاسی و بۆ نێزیک بوونەوە بە ئامانجە وەدوواکەوتوکانی پزووتنەوەکانی پێشوویان بڵاوکردەوەو هەستان بە پێکهێنانی رێکخراوەیەکی هەراوەو بەرفراوان کە توانایی کۆکردنەوەو رێکخستنی چینو تویژە جیاوازەکانی کۆمەلگای کوردەواری لە قالبی حزبێکی سیاسی و فرەئاراسیەیدا هەبێت.

ئەم تێکۆشانەو هەوڵدانە لە لایەن ئەم کەسانەوە بۆ بە هۆی دروستبوونی هەوەڵین گوڤاری کوردی لە ساڵی ١٨٨٧ کە لە لاێەن مەدحەت بەگ بەدرخان لە شاری قاهیرەو بڵاوبوەوە. «لە ساڵی ١٨٨٩ حزبێکی سیاسی لە ژێر ناونیشانی (یەکیەتی و پێشقەچۆن) بە دەست پێشخەری چوار کەس کە دوو کەسیان بە نێوی، ئیسحاق سکۆنی و عەبدوڵا جودەت کورد بوون هاتە سازکردن» (4.)

**پ ـ دیاردەی سەرهەڵدانی حزب و پێکهاتنی بزووتنەوەی مۆدێرین لە چوارچیوەی گرووپە سیاسییەکاندا و بەستێنەکانی چۆن لێک دەدەنەوە؟**

ئەگەر دیاردەی حزب لە کوردستانداو لە سۆنگەی مێتۆدی بەراوەردکاریەوە لە تەک وڵاتانی پیشەزای و پەرەسەندوی جیهان بخەێنەبەرچاوو لێبکۆڵینەوە؛ جیاوازییە بنەرتیەکانیان دەردەکەوێت.

دوو شۆڕشی مەزن لە کۆمەڵگە ئەوررپییەکاندا، واتا، شۆڕشی نەتەویی و شۆڕشی پیشەسازی لە چەرخی شازدەو هژدە، دەبنە هۆکاری بنەڕەتی دروستبوونی حزب؛ بەڵام ئەم رەوتە ڕوشنگەری و پیشقەچۆنە لە گەڵ کۆمەلگەی کوردوواریدا ڕێکنەهاتنەوە وبیروکەو چەمکی حزب وەک ماکس وێبر دەڵیت «رۆلەی ڕۆژئاوایە». سەرەرای ئەوەش هۆکاری بنەڕەتی دروستبوونی حزب لە کوردستاندا دەگەرێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەو گەڵالەکردنی جۆریەک لە کۆنسێپتێکی نەتەویی کە لە گەل ناسیونالیزمی تورک، عەرب و فارسدا جیاوازە.

هەر لە سەرتای پێکهاتن و دروستبوونی حزبەوە لە کوردستاندا دوو هێڵی بە رەوالەت جیاواز و لە ناوەرۆکدا هاوخوان و کۆک، کاریگەری قۆلیان لە سەر پیۆەنەییەکانی کۆمەلگەی کوردەواری داناوە. هەوەڵ تێکەڵاوی و ئاوێتە بوونی داب و نەریت و فەرهەنگی خوێنی ـ عەشیرەتی کە لە تەک پێکهاتەکانی پێش سەرمایەداریدا(مۆڵکداری) کە تاپێش شەری دوهەمی جیهانی لە ئارادابوو و دواتر دابەشبوون و سەرهەڵدانی کەڵینەکانی کۆمەڵایەتی لە ئاکامی رێفۆرمی کشتو کاڵێەوە لە ناوەندی شەستەکاندا کە لەلایەن یەکەکانی سیاسی دابەشکری کوردستاندا بەرێوەچوو، بوە هۆی پیکهاتنی توێژەی ناوەراست و تارادیەک واتەکانی، سەرکردایەتی، پەیرەو پرۆگرام و هەروەها چلۆنایەتی و چۆنایەتی و تەشکی چینایەتی رێزبەندیەکانی لە ناوەوە دەروەی سیستم و پێکهاتەکان و هەروەها کارکردی حیزبەکانی توشی گۆران و ئاڵوگۆر کرد؛ بەڵام ئەم پروسەیە نەبوە هوکاریەکی هەراوەو گشتگیر کە بتوانێ ژیانی دەرونی حزب لە ئاستی یاسای رێکخراویەی (ناوەندی بوونی فەرمانەکان، پێوەندی ستونی سەرووەو خوارەوەی ئەندامان و رێبەران، رۆڵی کاریزمای کەسایەتی، کپکردنی دنگی جیاوازو...) و چ لەئاستی میدانی کردەوەی سیاسیەوە (هەڵبژاردنی تاکتیک و ستراتێژی شیاو، پێناسەکردنی قۆناخەکانی راگوزەری، دیپلۆماسی کارامە دستەبەرکردنی پشتیبانی لۆجێستیکی و ...) لە بنەڕەتدا، پراتیزەی بکات. بەم شیوەیە فۆرمی سەرەرویی، واتا، شێوازی ستونی و زنجیرەپلەلە جێگای خۆی مایەوەو پرنسیپەکانی قەوارەی ستالینی حزب میراتی لێنینیزم بو بە فۆرمی سەرکی و زاڵ بە سەر ژیان و یاسای دەرونی حزبدا.

ئەم ڕەگەزانە، وەکۆ، ناوەندی دێموکراتیک (Democratic centralism)، جیبەجی کردنی ئەمرو فەرمانەکانی سەرکردایەتی بێ ئەم لاوئەولا، رخنەگرتن پاش بەئەنجام گەیاندنی فەرمانەکانی بەرپرسانی باڵای حزب، بوارنەدان بە سازدان هیچ چەشنە فراکسیونێک (5) لە نێو حزبدا؛ لە راستیدا رێکخراوەیەکی سیاسی دەگۆرا بە بنکەیەکی سەربازی. جیا لەو ناتباییە و پاردۆکسە زەق و ئاشکرایە کە لە بژارەی سانترالیزمی دیموکراتیکدا دەبیندرێت، هەستی نێگەرانی و نارەزایی ئەندامان و لاێنگرانی حزبەکانی نەدەجۆلاندەوە هەڵی نەئەخراندن.

بە کۆرتی دامزران و دارشتنی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردی بە بێ دەرهاویشتنی (چەپ، راست، ناوەند) لە سەر ماکەو بناغەی دوو چەمک و ئاراستەی کۆمەڵایەتی بنیات نراوە.

یەکەم: پەیوەندیەکانی خوێنی ـ خێڵایەتی (Tribalism)

پاشماوەکانی کۆن و روو لە نەمان و روو لە هەلوشانەوەی پیۆەندییەکانی نەریتی لە باشوری کوردستان لە سیماو قەوارەی حزبی سیاسیدا رنگی داوەتەوە و ئەم "دیاردەیە" بە گەیشتن بە دەسەڵاتی رەها، بوگە بە کۆسپ و بەرگرێکی گەورە لە سەر ڕێگای پەرەسندنی بونیاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگیەکی مەدەنی و گەشەکردوو.

**ڕسکان و بنەمای درزو کەلێنەکانی نێو حزبەکانی سیاسی لەم بەشەی کوردستاندا بە تایبەت لە نێوەی دوهەمی هەشتاکاندا بستراوەتەوە بە دوو هۆی سەرەکی. یەکەم، گیانگرانی و پیداگری خۆپەرستانە لە سەر بەهاکانی ریکخراوەیی کە هەڵگروو دەربری کەم کردنەوەی رۆڵی تاکەکانە کە لە تەک پیکهاتەی دەورنی حزبدا پێوەندی ئورگانیکی هەیە و دوهەم رەچاونکردن و دەرکپینکردنی هەلومەرج و دوخی پانتای سیاسی جیهانە کە خێراو دینامیک لە گۆراندایە**

دوهەم : حزبتەوەری.(Partikulism)

حزبتەوەری لە رەوتی مێژوویی خۆیدا لە سەر بناغەی دوو چەمکی سەرکی، کاریزماتیک( Charismatic) و رەوایی شۆرس پێکهاتوە.

کەسایەتی کاریزما لە لایەن هۆگرو لاێنگیرانیەوە تا پلەیەکی لەرادەبەدر لە بەهرەو و هێز وتواناکانیەوە هەڵدەکیشرێت و گەورەدەکریتەوەو بەهاکان و پرنسیپەکانی سیاسی و مۆرالی حزب تائاستی جەماورەیەکی بی هەڵویست، بی ئیرادە و تەنیا فەرمانبەری بیرورای کەسی کاریزما نزم دەکریتەوەو لەم ریگایەوە ئاوەزی گشتی دەکەوێتە پەراوێزەوەو مانونەمانی رێکخراویەکی سیاسی پەیوەست دەبێ بە کەسێکەوە یا لانیکەم بە کەسانێکەوەو بەم جۆرە زەمینە بۆ پاوانخوازی و بریاردانی سەرەرویانە خۆش دەبێت. دیوەکەی دیکەی حزبتەوەری لە تەک کونسێپتی رەوایی شۆرِش سازگاروتەبایە. حزبەکانی کوردستانی بە گشتی رەوایی خۆیان لە شۆڕشەکانەوە وەرگرتوەو لە غیابی چەمکی دەوڵەت ـ نەتەوە، خۆیان لە سیمای یەکەی سیاسی و یان لانیکەم نوێنەری دەوڵەتی دروستنکراوی داهاتوی کورد دەبینن.

بەم جورە حزب کە ئامراز و لاهێزی جیبەجی کردنی ئامانجەکانی دیاریکراوەی گروپ و دستەیەکی کۆمەڵایەتیە دەبێتە خۆدی ئامانجەکە. ئاکامی لۆژیکی ئەم نیگاوو روانگەیە، شەرەخۆکوژیەکانی نێو جۆڵانەوەکانی کوردە، کە خەسلەتی تراژیکیان لە بیرناچێتەوە.

سەرەرای ئەمانەش لاێنەنیگاتیفەکانی ئەم جورە نیگاو بۆچوونانەکە لە سەر خویندنەوەی زانستیانەو ئاکادیمیک هاوخوان نیین و ڕێکنەهاتون، پارچە پارجە بوون و لێکترزانی لە نێورێزەکانی ئەم حزبانەی پیکهێناوەو وەکۆ وێنەیەکی زەق و نەشاردراوە دەتواندرێت ئاماژەی پێبدرێت، بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە گشتی و با تایبەتمەندیەکانیشیەوە.

ڕسکان و بنەمای درزو کەلێنەکانی نێو حزبەکانی سیاسی لەم بەشەی کوردستاندا بە تایبەت لە نێوەی دوهەمی هەشتاکاندا بستراوەتەوە بە دوو هۆی سەرەکی.

یەکەم، گیانگرانی و پیداگری خۆپەرستانە لە سەر بەهاکانی ریکخراوەیی کە هەڵگروو دەربری کەم کردنەوەی رۆڵی تاکەکانە کە لە تەک پیکهاتەی دەورنی حزبدا پێوەندی ئورگانیکی هەیە و دوهەم رەچاونکردن و دەرکپینکردنی هەلومەرج و دوخی پانتای سیاسی جیهانە کە خێراو دینامیک لە گۆراندایە؛ هۆکاری لەرزینی بنیاتەکانی حزب و تەسک و توسک بوونەوەی مەیدانی کردەوەی سیاسی و لە ئاکامدا کەم بونەوەی پێگەی کۆمەڵایتی حزب لە نێو خە ڵکدا شی دەکرێتەوە.



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com

سەرەرای ئەم کێشە پێکهاتەیی، هاژی نکردن بە گۆرانەکانی قووڵ و بنەڕەتی ئەم دووایانەی کۆمەڵگەی کوردەواری کە (بە بەرزبوون و گەشەکردنی ئاستی خۆیندەواری و رۆشنبیری مەزەندە دەکریت)، ئاستەنگیەکی گرنگ و لەمپەرێکی گەورەی بۆ حزبەکان فەراهم کردوە کە بتوانن لەم فەزا نوێی (رێکخراوە ناحکۆمەتیەکانی فەرهنگی و مافی مروڤ) و ئامادەکراوانەدا بوارێک و پەراوێزیەکی شیاو بدوزێنەوە کە کاروباری سیاسی و رێکخراویی خۆیان ڕاپەڕێنن.

ئەم فەزا نوێیە کە بێدودڵیەوە قۆناخێکی گوزەراویە، کاردانەوەی لە سەر ئەم حزبانە نەبووە. دەرکپینکردن و پێناسەنەکردنی قۆناخی گوزار (انتقالی) چ لە بواری تیۆری و چ لە بواری پراتیکدا، کارگەری نیگاتیڤی لە رەوتی سیاسی و پیکهاتەی رێکخستنی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەجێهێشتوەو مەیدانی کاری سیاسی و چالاکیەکانی کۆمەڵاتییانی توسک و تەسک و سنۆردارکردوەتەوەو ببوەتە هۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی قەیرانی سیاسی و ریکخراوەیی لە رێزکانی حزب و دەوروپشتیەوە. بەرین و هەراوەبوونی ئەم رەوتە قەیراناویە یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتی و سەرکیەکانی دابەش و کەرتبوونەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران .

**پ ـ سەدەی بیستەم لە ئاستی دنیادا شایەتی بزووتنەوەی بەرین بووین کە بوونە هەوێنی زۆر گۆرانکاریی قوول لە کۆمەڵگای جیهانیدا و شوێندانەریی هەبوو لەسەر کوردیش، بەگشتی ئایا بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری ئەو گۆرانکارییەک بوو؟**

و ـ هەموو شۆڕشەسیاسیەکان تا رادەیەکی زۆر لە ئاکامی هاوسەنگی هیز، وەکۆ مەرجی سەرەکی ناتەبایی نێوان بایەخ و بەها سیاسی ـ ئابوری و هەروەها پرنسیپە فەرهنگی ـ کۆمەڵایەتیەکان دەبنە سەرچاوەیەک بۆ ورۆژاندن و شڵەژاندن و بە واتایەکی تر، هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانی بەها کۆنەکان و دارشتنی سیستمێکی نوێ. هەڵبەت نابیت ئەم راستیە بکەوێتە پەراویزەوە، کە هەمیشە دەرکەوتنی شۆڕشە کۆمەڵاتیەکان تەنیا بە فاکتۆری ناوەکییەوە نە بستراونتەوە و زۆر جار دیتراوەو دەبیندرێت کە دیالکتیکی فاکتۆری ناوەکی و دەرکی دەبنە سەرچاوەی گۆران و لێکترازانی پێکهاتەی سیاسی ـ ئابوری کۆمەڵگەکانی پیشوو. زۆربەی شۆڕشەکانی دیەی کۆتایی سەدەی بیستەم (ڕووداوەکانی باڵکان)، هەروەها سەرەتای چەرخی بیستویەکەم (داگیرکردنی عێراق، دەست تێوەردانی ناتو لە لیبیا) رسکان و سونگەی کارتیکردنی فاکتۆرە دەرکییەکانی پیوە دیارەو دەست تێوەردانی هێزویاهێزەکانی بیانی، بەهەر مەبەستێکەوە بێت، (دەست تێوەردانی مرۆیی) چارەنووس و داهاتوی شۆڕشەکانی دیاری کردوە. ئەم خۆێندنەوەیە بە تەواوی تێوری شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایتیەکان بە شیوەی بەرفراوان پیناسە ناکات، بەڵام یەکێک لە سەرکیترین هۆکارەکانی هەڵیساندنی ئاگری شۆڕش و گۆرانە کۆمەڵاتیەکان رەچاودەکات.(2(*

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەکۆ ماکس ڤیبەر(1864ـ 1920) ئاماژەی پێدەکات، «دەستپیشخەری و یان هەوڵ و تەقالایەکە بە کۆمەڵ و بۆ ئەنجام گەیاندنی پروژەیەک (سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی ...) کە ئامانجی سەرکی، دەستەبەرکردنی هاوبەشە لە دەرەوەی سیستم و پێکهاتە فەرمیەکان».(6) بەپی ئەم فۆرمولە دەردەکەوێت کە شۆڕش بە واتای بەرفراوانی وەشەکە لۆژیکی بزووتنەوەکان دیاری دەکات، هەرچەندە رەنگە بە هۆی زۆر ئاراستەو بەڵگەی تری دەروناسی و فەرهەنگییەوە ئەم جوڵانەوە کۆمەڵاتییانە بگۆرێت بۆ دوخ و پانتایەکی پارتیزانی.

دیارە لە نێو ئەم تیکهەلچۆنانەدا، گرنگ نییە بەرەو کام رێگا و یان لە چ بەستینەیەکدا تەیارکرابێت؛ لەگەڵ چەند و یان چەندەها دەستەو گروپیەک روبەروو دەبینەوە کە چەمکی گروپە

بەرژەوەندارەکان پێکدێنن. ئەمانە ئەو رێکخراوانەن کە ئاراستەو مەبەستی سەرەکیان، دامزراندنی پێگەیەکە کە لە داهاتودا بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە سەرەوەی ویست و خواستەکانی سەرجەمی بزووتنەوەکە دادەنین.

لە پۆلینکردنی بزووتنەوەکاندا دەرئەکەوێت کە جوڵانەوەکان بە مانای گشتگیری وەشەکە، بریتین لە، بزووتنەوەگۆرانخوازەکان کە لە پروسەی گەشەکردنیاندا دەبنە خاونی تواناو هیزیکی بی سنورو هەروها بزووتنەوە چاکسازی ویستەکان، کە بۆ گۆرانی بە شێک لە سیستم و پیکهاتە کۆمەڵاتیەکان دینە کایەوەو و بە پێچەوانەی جوڵانەوە رزگاریخوازەکان کە ئامانجی بنەڕەتیان ئازادی نەتەویی و بنیاتنانی دەوڵەتی نەوییە، ستراتێژیان ئاڵۆگۆری قووڵ لە کۆمەڵگەدا نییە.

شۆڕشەکان لە زۆر ناوچەی جیهاندا لە سەرتای چەرخی بیستم و تا هەفتاکانی ئەم سەردەمە، سروشتیان لە تیوری سۆسیالیستی و یان مارکسیستی وەرگرتوە، بەڵام هەڵسنگاندن و پێناسەکردنی چەمکی شۆڕش لە بارەی تیۆریەوە دژوارە. پێگە، رسکان و ئاراستەکانی سیاسی هەر شۆڕش و سەرهەڵدانیەکی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەماو بەستینێەکی مێژوویی و فەرهەنگی دیاریکراوە دامزراوەو تایبەتمەندیەکانی هەرکۆمەڵگەیەک روڵی گرنگ و هستیار لە داهاتووی شۆڕشەکەدا دەگێرێ و رێکهاتنەوەی مۆدیلێکی سەرکەوتو بەسەر جوغرافیایەکی جیاواز بە هەموو لایەنە گریدراوەکان بە ژیانەوە، ئەگەر مۆحاڵ نەبێت، لانیکەم فرە دژوارە.

ڕاڤەی مارکس بۆ پێناسەکردنی شۆڕش تایبەت و زۆر گرنگە. بەرهەمە هزریەکانی مارکس و ئەنگلس یارمەتی فرەیانداوە بە ڕیکخستن و هەلیساندنی شۆڕس لە سەدەی بیستمدا .

**پ ـ نوخبە یان بژاردەئیلیت کێ یە، کاری ئیلیت لە کۆمەڵگادا چیە و ئیلیتی کۆمەڵگای کوردی تا چەند رۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆیان بینیوە؟**

نوخبە( ئیلیت) وەشەیەکی لاتینیەو لە وەشەی (eligere)ەوە هاتووەو واتای هەڵبژاردنی لێ دەرک ئەکرێت.بەوەتەی پارەنو، ئیلیتەکان گروپێکی کۆمەڵایەتی تا رادەیەک چکۆلەن کە لە ناو کۆمەڵگەیەکی گەوردا دەژین.

ئەم وەشەیە لە سەردەمی حەڤدەی زایینی بۆ پێناسەکردنی کەلوپەلی شیاوو بەهادار بەکارهێندراوە و تەنیا لە جەرخی بیستەمدا و لە نووسراوەکانی سیاسی ـ کۆمەڵاتیدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

بژاردەکان، تویێژیەکی سەرووتری کۆمەلگاییک پێکدەهێنن کە کۆمەلێکن لە خەڵکی دیاریکراو کە بە پێچەوانەی سەدەکانی هەژدەو نۆزدە تەنیا نەبستراونەتەوە بە ئەریستوکراسیەوە و یا ئولیگارشییە سەربازی و یا ئائینیەکانەوە، بەڵکو، بنەمای چینایەتیان لە چەرخی بیستمدا گەلیک هەراوەتر و فراوانتر بووەتەوەو لە نێوان تویێژە وردەبورژوازیەکانی شاروو دیدا تەشەنەی کردوە. لە کوردستاندا نوخبەکان بە ماناو هاوتای ڕووشنبیرەوە بەکاردەبرێت و بە ڕەواڵەت جیاوازی ئەوتویان لە تەک یەکتردا رەچاو ناکرێت،ئەم زاراوەیە لە وڵاتانی پەرەسندودا پەیوەندی بە

کارگیرانی پیشەکان، کاربەدەستانی پایەبەرزی حکۆمەتی و هەروەها دەستەو گروپی ناحکۆمەتیەوە هەیە.

بۆ روونکردنەوەی ئەم چەمکە هەراوەو فرەمانایە ، چ لە ئاستی مێژوویەوەو چ لە ئاستی کۆمەڵناسیەوە، پێش هەموو شتێک دەبێ بگەرینەوە بۆ پێگەی مادی ، وەکۆ، کۆلەکەو بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردی کە تا هەنوکە مۆرک و نیشانەکانی بەشیک لە داب ونەریتی بەسەرداچووی دیەکان و سەدەکانی بە سیمایەوە دیارەو ببوتەوە لەمپەرو کۆسپیکی گران و رێگای بە گەشەکردن کومەڵگەی رۆشنبیری کوردی داخستوەو هەراگەیکی سامناک و هەرەشەئامێزی بۆ خۆلقاندنی بیرو هزری سەردەمانە پێکهێناوە.

ئەگەر لە رەهەندی مێژووییەوە دیاردەی رۆشنبیری ، واتە Интеллигенция پێناسە بکەیین ناچارێن بگەرێنەوە بۆ مانا رووسیەکەی کە لە ناوەراستی سەدەی نوزدەدا لە لاین بیرمەندانێک وەکۆ، هەرتسین، چێرنیشفسکی و رەخنەگری ئەدەبی، بلینسکی هاتوتە نێو ئەدبیاتی رووسەوە. پانتای سیاسی و کۆمەڵایەتی رووسیەی زەمانی ئیمپراتۆری تزاری کە بە دواکەوتویی و چەقبستویی بە تایبەت لە باری کشت و کاڵی و پێشەسازیەوە مابووەو نەیتوانی بەهری پێشڤەچون لە ناخی خۆیدا پەروەردەبکات و بە درێژەدان بە سیستمی موڵکداری سێرواژ* باری چەوساندەوەی گەیاندوە ئەوپەری خۆی و زەخت و گوشارێکی لە رادەبەدریدا بە سەر کۆمەڵگەی رووسدا سپاندەبوو ببوە هۆکاری گۆرینی زاراوەی رووناکبیری، واتە، ئاوەز، هۆش بە ئاراستەو جیگیریکی سیاسی دژ بە دەسەڵاتی رەها و سەرەروی تزارەکانی رووس. چرنێشفسکی(1828ـ1889) لە کتێبە بایخدارەکەیدا« چ ئەشی بکرێت» خەسلەت و کاراکتێری رووناکبیری روس لە » دژایەتی بەرانبەر هەر چەشنە دەسەڵاتێکی سەرەروو رەها لە روگەیەکەوەو هەوڵدان و کۆشش بۆ خۆلقاندن و

**تونـدوتیژی تەنیا خەسلەت و کاراکتیری دەسەڵات لە شیوازی پێکهاتەی حکومەتدا وێناناکرێت؛ خۆئامادەکراوانی تامەزروی دەسەڵاتی رەهاو بێ سنوریش دەگرێتەوە کە دەتوانێت لە سیمای فەرهەنگی نەریتی کۆمەڵگە و یان لە روخساری حزب و رێکخراویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرکەوێت**

بەرهەمهێنانی بیری پیشکەوتوخوازی و ئازادی لە روگەیەکی دیکەوە».(7) پێناسە ئەکات.

ئاراستەی سەرەکی بەشێک لە کۆمەڵگەی رووناکبیری لە رووسیەدا سیاسیانەو روگەیەکی روبەدەرەوەی لە خۆدەگرت و بە مانایەکی تر، خەسلەتی دژ بەسەرویی و دیکتاتۆری هەبوو تەباو کۆک نەبوو لە تەک گروپێکی تر لە رۆشنبیرانی رووس کە نێگاو روانگایەکی روو بە ناوەوە ،واتە فرەتر سەرنجییان ئەدا بە بارخانی کۆمەڵ و تانوپوی پەیوەندییەکانی ئینسانی. یەکێک لەم ئاوەزمەندانە، بە نێوی هرتسێن(1812ـ 1870) دەنوسێ« ئەگەر خەلک دەیانتوانی لە جیاتی ئازادکردنی مروڤایەتی خۆیان ئازاد بکەن، یارمەتێکی فرەیان بە ئازادی مروڤایەتی ئەدا».(8(

ئەم روانگایە لە هەلومەرجی هەنوکەدا وەکۆ رێبازێکی بنەروتی سەبارەت بە ناوەندکردنی تاکی ئازاد، یەکێکە لە کۆلەکەکانی گرنگی مۆدێرتنێتەی ئەمرۆی جیهانی هاوچەرخ کە هێشتا بەتەواوی و بە شێوەیەکی گشتگیر نەتەنیا کۆمەڵگەی کوردەوری لە خۆیدا نەگرتوەتەوە ، بەلکۆ لە پانتای رووناکبیری کوردستاندا جێگایەکی شیاوو شایستەی پەیدانکردوەو ئەم مەسەلەیە سروشتیە کە رووناکبیری کورد بەرهم و زایەلەی کۆمەڵگەی خۆیەو بوێری و ئازایەتی ئەوەی لە خۆیدا تا هەنوکە نەدوزیوەتەوە کە بۆ ئازادکردنی مروڤایەتی، مەرجی سەرکی و هەوەڵین هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە ئازادی خۆیە ، واتە ئازادی تاک لە هەرچەشنە کوتو زەنجیری سەرویی

و پاوانخوازی.

هرتسین دەڵێت« مێعمارگەلێک کە شارەزان لە دروستکردنی زینداندا، ناتوانن بۆ خەڵکی ئازاد خانو سازبکەن».(9(

رووناکبیر جۆر بەرهەم هێنەری بیرو هزر لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا لە بەرامبەر سی دژواری و تەنگژە دیاریکراوی گەورەدا روبەرو بوەتەوە و ناچار بە هەڵبژاردنەیەکی هستیار و مێژووییە.

سەرەتا تانوپوی پێکهاتەکانی دامزراوەیە کە لە دەرەوەی ئیرادەو خواستی کۆمەڵگەی رۆشنبیری و لە سەر پێگەکانی مادی و مەعنەوی سازکراون و ریگر و بەرگرێکن بۆ بەرهەمی رووناکبیری. پێشگری دوهەم بوونی چەمکی دەسەڵاتە کە بە کەڵک وەرگرتن و سوودبردن لە ئاراستەکانی نەریتی کاتبەسەرداچووی کۆمەڵگە و بە هێز کردنی پێکهاتەکانی دیکتاتۆری لە هەموو بوارەکانی پەیوەندار بە ژیانی تاک و کۆمەڵ ،گوشار دەخەنە سەر فەزای رۆشنبیری بۆ کپ بوون و بێدەنگی لە ئاستی بێدادگری کۆمەڵاتیدا .

ولەکوتاییدا، ئەم دیاردە نەرێیانە دەبنە لەمپەرو کۆسپێکی گەورە بۆ دەست پێشخەری و داهێنانی فیکر و هزر لە فەزایەکی ئازادو بی سەرەورووییدا. ئەم واقعیە، روشنبیر توشی خۆسانسورێکی نەخوازراو دەکات و هانەو داهێنان لە ناخیدا دەکوژێ و ناچاری ئەکات ئازادی خۆی کە مەرجی سەرکی و بنەڕەتیی بۆ خۆلقاندن و پەروەردەکردنی بەرهەمی رووناکبیریە، سنورداربکات و بەهرەکانی هونەری و زانستی لە دەرونیدا سەرکوت بکات. بە وەتەی ئینیاتسیو سیلونە (1900 ـ 1987)« دارتاشێک و یان جوتیارێک رەنگە لە رژیمێکی سیاسی سەرەرودا خۆی لە تەک دوخەکە رێک بخات و... بەکارەکانی خۆی دریژەبدات، بەڵام بۆ رووناکبیر هەراگەیەک نامێنیتەوەو ئەشی یان ملکەچی دەسەڵاتی رەها لە وڵاتەکەیدابێ و بەو شێوەیە بکەوێتە ژێر ئاڵای چینی حاکم و، یان لە بەرامبەر برسیەتی و سەرشوریەوە کۆڵبدات و لە هەوەلین کاتی لەباردا بکۆژرێت».(10(

کۆو سەرجەمی ئەم پرس و گرفتانە، بنیاتەکان چەمکی روشنبیری دوچاری قەیرانی شوناس ئەکات و باری چالاکی و هەوڵدان بۆ ئافراندن و وەدیهێنانی بەرهەمی (هونەری، زانستی،رۆشنبیری...) لاوازو تاوو تینی لەنێوئەبات و وێنای داهاتوی لێل دەکات و کۆمەڵگەی رۆشنبیری بەرەو هەڵدێری دیاردە نیگاتیڤەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دەروناسی راکیش دەکات .سەیر نییە کە لە کۆمەڵگەی ئیمەدا ،دوواکەوتویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زەمینەو بنەڕەتی مادی دەسەڵاتی رەهاو پاوانخوازی بنیادناوەو بە ئاراستە فیکری و سیاسیەکانی رەوایی بەخشیوە.

بە وەبیرهێنانەوەی دوو وێنە لە ئێران و کوردستان ئەم راستیە روون دەبیتەوە. مامۆستا هێمن و سیاوەش کەسرایی دوو شاعیری هەرە مەزنی کوردو فارس چارەنووسیکی هاوبەشیان بوە. مامۆستا هێمن تا کاتێک ڕوانگاو بۆچوونی سیاسی تایبەتی خۆی لە نێو حزبی دێمکراتی کوردستانی ئێراندا نەنواندەبوو، وەکۆ شاعیری گەل دەهاتە نرخاندنەوەو سیاوەشی کسرایی لە لایەن حزبی تودەی ئیرانەوە، وەکۆ شاعیری خەلک رێزێکی بەرزو بی هاوتای لێدەگیرا، کە چی کاتێک هەر کام لەم شاعیرە بەرزو و جی شانازیەی نەتەوەکەیان هەڵوێستیکی جیاواز و پیچەوانەی سیاسەتی فەرمی حزبەکانی خۆیانیان نواند، بە جارێک و لە کڵاوچەرخانێکدا ببونە " خائین" و ئەو خەڵاتە کە لەبەریان کرابوو لیان سندراوەوە.

هانائارنت(1906 ـ 1975) راست ئێژێ، کاتێک دەنوسێ« دەسەڵات تەنیا لە رێگەی پەرەسندنەوە دەتوانێ خۆی بەپارێزی وەگەر نا، چکەچکە هێزی کەمدەبێتەوەو زەمینەی هەڵوەشاندنەوەو تیاچوونی فەراهم دەبێت»(11(

توندو تیژی تەنیا خەسلەت و کاراکتیری دەسەڵات لە شیوازی پێکهاتەی حکومەتدا وێناناکرێت؛ خۆئامادەکراوانی تامەزروی دەسەڵاتی رهاو بێ سنوریش دەگریتەوە کە دەتوانێت لە سیمای فەرهنگی نەریتی کۆمەڵگە و یان لە روخساری حزب و رێکخراویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرکەوێت .

هەراش بوونی بیری رۆشنبیری و سەرهەڵدانی



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com

**چەپ لە نیوەی دوهەومی حەفتاکانی چەرخی بیستمدا، بە باڵە دیاریکراوەکانیشیەوە، لاگیرێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی تازەو و نوێ سەریهەڵدا کە زایەڵەیەک بوو لە درزو کەلێنەکانی کومەڵگەی کوردەواری و توانی پانتای سیاسی کوردی بە چەشنێکی بەرچاو بگۆرێ**

ئیلیتەکان لە ژێر پیستی کۆمەڵگەی کوردیدا بە ئەهوەنی و ترسەوە پەرەی سندوەو دوورەدیمەن و ئاسوی هەراوەی ئەزمونەکانی خۆماڵی و دەرەوەی لەبەرچاوەو لە هەموو ئەمانە بەرجستەتر ئەم پرسیارە گرنگەیە کە لەبەردەم کومەڵگەی رۆشنبیری کوردا دەرکەوتوە، ئایا رووناکبیری کورد« بەشێک لە کیشەکەیە یان بەشێکە لە چارەسەرییەکە«(12)

بە کورتی بەڵگەهێنانەویەکی نالۆژیکی نییە ئەگەر هەڵسانگاندێکی ڕێئالیستی لەم بارەوەدا بە سەر بیری رەشبینانەو گەشبینانەدا زاڵ بێت.

**ـــــ لە ناوەراستی سەدەی بیستەم، ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم وەک دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەلایەتی و سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، ئەم ئایدۆلۆژییە بۆ نەیتوانی ببێتە پاشخانێکی فیکری بۆ بزووتنەوەی کورد**، بە گشتی چەپ لە کوێوە هات؟

لە ساڵی 1789 دا نوێنەرانی پارلمانی فەرانسە بیوون بە دووبەشەوەو؛ بەشێکیان کە لە سیستمی پاشایەتی داکۆکیان دەکردو خوازیاری مافی ڤێتو بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی بوون لە لای راستی پارلمانەوەو دادەنیشتن و لە بەرامبەر ئەواندا، نوێنەران و لاێنگرانی سنورداکردنی دەسەڵاتی رەهای پاشا، واتە، لاینگرانی سیستمی پاشایەتی لە سەر بنەماکانی دەستورو یاسا لە وڵاتدا بوون لە لای چەپی پارلمانەوە جیگیرببوون. بەم شێوەیە ئەم دوو گروپە لە نێونەرانی پارلمان بە ناوی شوینی دانیشتنیانەوە ناونران و چەمکی چەپ و راست لە ئەدبیاتی سیاسی فەرانسەدا هاتەئاتەئاراوە.

چەپ بەڵام لە کوردستاندا بە مانای مارکسیستیەکەیەوە بۆ هەوەڵین جار لە 1976 لە باشوری کوردستان و لەسەر بنەماکانی بیرو هزری مائۆتسەتونگ لە ژیر نێوی، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەرکەوتوو بنیاتنراوتەمەنێکی کۆرتی هەبووە.

بە پێچەوانەی حزبەسیاسیەکانی پیشووتری کوردستان، کۆمەڵەی رەنجدەران، وەکۆ ریکخراوەیەکی سەربەخۆو تایبەت بە چین و تۆێژەکانی زەحمەتکیشی شاروودی، خاون ئاراستیەکی ئیدەئۆلوژیک ـ سیاسی دیاریکراو بوو. دواتر لە سەردەمی شۆڕشی دژی پاشایەتی گەلانی ئێراندا لە سالی 1979 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە دەستپێشخەری کۆمەڵێک لە خۆێندکاران و ڕۆناکبیران و چالاکوانانی سیاسی و فەرهنگی کورد، کۆمەڵەی زحمەتکیشانی کوردستانی ئێران بە شێوازو روگەی سیاسی مائۆویستیەوە هاتە دامزراندن. لە باکۆری کوردستاندا حزبی کریکارانی تۆرکیە لە ساڵی 1982 بنیادنراو کە ئەویش لە سەر بنەماو بنچینەی پرنسیپەکانی مارکسیستی پێکهاتبوو.

بەم شیوەیە چەپ وەکۆ بنەماو پێکهاتەیەکی سیاسی ـ ئیدەئۆلۆژی تا ناوەندی هەفتاکانی چەرخی بیستم لە کوردستاندا دەرنەکەوتبوو. بە هاتنەئارای چەپ لە نێوەی دوهەومی حەفتاکانی چەرخی بیستمدا، بە باڵە دیاریکراوەکانیشیەوە، لاگیرێکی سیاسی و رێکخراوەیی تازەو و نوێ سەریهەڵدا کە زایەڵەیەک بوو لە درزو کەلێنەکانی کومەڵگەی کوردەواری و توانی پانتای سیاسی کوردی بە چەشنێکی بەرچاو بگۆرێ . بنەڕەتی جیاوازی و ناکۆکی چەپ لە کاتی سەرهەلدانیەوەو تا نوقم بوونی لەنێو دەریاێک لە قەیرانەکانی سەرەتای دەرکەوتنی هێماکانی دارمانی شەری سارد لە 1985 و هەرسهێنای شەورەوی جاران، لە تەک حزبە گشتگیرەکانی(نەتەویی) کوردستاندا (حزبی هیوا، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و عێراق و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق و حزبی سوسیالیستی کوردستانی تۆرکیە و سوریە) لە سەربەخۆیی و تایبەت بوونی بە چین و تۆێژەکانی چەوساوەو و بەندبوونی بە بەشی ڕۆناکبیری تویژەی ناوەراستەوە سەرچاوە دەگرێت.

دیاردەی چەپ لە رەوتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردا ڕوانگاو بۆچوونەکانی توشی گۆرانکاری هات و سەنگ و قورسایی ئاراستەی نەتەویی پێ کاریگەر بوو، بەڵام کاردانەوە و مۆرک و رێبازی چەپ لە سەر شۆڕشی کورد بێدودڵییەوە ئاشکراو دیارە. لەمەش گرنگتر توخمی چەپی مارکسیستی و مەیل بۆ مۆدیلی سوڤێەتی پیشوو لە نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە تایبەت لە ئاستی سەرکردایەتی ئەم حزبەدا تا کۆتایی نەوەدەکانی چەرخی بیستم رۆڵێکی گەورەی گیراوە. ڕووداوەکانی دواترو بەتایبەت وەلەرزەکەوتنی بنیادەکان و پێکهاتەکانی سۆسیالیزم، هۆکاری گۆرانی بنەڕەتی لە دیدو بۆچوونەکانی حزبە نەتەوییەکانی کوردستانی و دابران لە بازنەی سیاسی و ئیدەئۆلۆژیکی سۆڤیەت و بەری سۆسیالیزمی فەراهم هێناو هەوڵو کۆشش بۆ دۆزینەوەی جێگرو پرکردنەوەی ئەم بوشاییە کە لە فەزای سیاسی جیهان و ناوچەکەدا دەرکەوتەبو، هۆیەکی سەرەکیە لە پەیوەست بوونی پارتە کوردیەکان بە رەوتی سۆسیاڵ دیموکراسیەکانی جیهانەوە.

هۆکارو بناغەی ئەم وەرچەرخانە گرنگە( جگە لە لاواز بوونی پێگەی مادی بۆ گەشەکردن و پەرەسندنی هزری چەپ) کە ژێرخانی فێکری و سیاسی جۆلانەوەی کوردی دوچاری گۆران کرد؛ دەگەرێتەوە بۆ ڕۆڵی نیگاتیڤانەی سوڤیەتی جاران و سیاسەتی دەرەکی ئەم وڵاتەو هاوپەیمانەکانی لەبەرەی سۆسیالیستیدا بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشە جیاکراوەکانیەوە بە بێ دەرهاویشتەی دەرکەوتن و ئاوابونی کوردستانی سور لە ساڵەکانی 1923 ـ 1927 دا. ئەم گۆرانکاریە قوڵ و فرەلاینەی پارتە کوردیەکان و رەوتی روشنبیری رو لە پەرەسندنی کۆمەلگەی کوردی لە بەستینی بێ ئیتواری و بێ متمانەیی بە ستراتیژی سۆڤیەتی پیشووەوە هاتەئاراوەو بنیادنرا.

بەپێ شیکاری و لیکۆڵینەوی وردوو دێقەت بە رەوتی پەیوەندیەکانی مێژوویی و سیاسی سوڤیەتی جاران و بزووتنەوەی کورد، چوار ویستگەی گرنگ و هەستیار دەکەوێتە بەرچاو.

یەکەم ویستگە: لە نێوان ساڵەکانی 1923 ـ 1927 پێکهاتەیەکی سیاسی لە سیمای کوردستانی سور لە کۆماری سوسیالیستی ئازەربایجاندا دامزراو زیاتر لە سێ ساڵ نەیتوانی دەوامی هەبێت و بە ژیانی کۆتایی هێندرا. (13).

بەسەرنجدان بەڵگەنامەکانی ئەوسەردەمەدا دەردەکەوێت کە سیاسەتی سۆڤێەتی جاران بە گشی و دەولەتی سۆسیالیستی ئازەربایجان بەتایبەت هۆکاری سەرکی دارمانی کوردستانی سور بوون.

دوهەمین ویستگە:دەرکەوتن و ئاوابوونی کۆماری کوردستان لە 1946 دا رووداوێکی مێژوویی و گرنگە کە ببوە هۆکاری بە نێونەتەویی بوونی پرسی کورد لە سیاسەتی جیهانیدا. فاکتەری دەرەکی ڕۆڵیکی بەرچاوو بنەڕەتی لە تێکشکانی کۆماری کوردستاندا بینی چ لە رووی سەرکوتکاری و لەشکەرکیشی دەوڵەتی قەوام کە بە هاوکاری و پشتیبانی فرەلاینەی دەوڵەتەکانی بریتانیا و ئەمریکا بەئنجام گەیشت و چ لە رووگەی هەلوێستی نێگاتیڤانەی سۆڤیەتی پێشووەوە کە بە پاساوهێنانەوەی ستالین (14) لە مەر کشانەوەی هێزەکانی سەربازی لە کوردستان و ئازەربایجان و نکۆلیکردن و ژێرپیخستنی بەڵێنەکانی وێنادەکرێت.

ویستگەی سێهەم: گرێدانی پەیماننامەی جەزیرە ( 1975)، شۆڕشی چەکدارانەی کوردی لە باشوری کوردستاندا توشی شکست کرد و بەرژەوەندییەکانی رژیمی پاشایەتی ئێران و ئەمریکاو رۆژئاوای لە ناوچەکەدا دابین کرد. کاتێک هەلوەستەیەک لەسەر ئەم رووداوەمان دەبێت ولە رەهەندی سیاسیەوە رادەمێنین، گرنگی و هستیار بوونی هەل و مەرجی نێونەتەوەیی و رەوشی دوژواری ناوخۆومان بۆ دەرئەکەوێت؛ بە تایبەت لە فەزای رەوتی واژوکردنی رێکەوتننامەی 1970 دا لەلایەن لیۆنید برێژنێڤ(ەوە) سکێرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی سوڤیەتی (15) جارانەوە ئەم رێکەوتننامەیە وەکۆ «دەستکەوتێکی گرنگ» مەزەندە دەکرێت و سەرنج راکێشەر ئەویە کە لە هەمان کاتدا، مۆسکۆ بە پرچەککردن و پشتیبانی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابوری لە رژیمی سەرەروو سەرکوتکەری عێراق هۆکاری دەربازبوونی بەغدای لە قەیرانە گشتگیرە فرەئاراستەیەکی لەباردەکرد.

ویستگەی چوارم: پرچەککردنی سوپای گەورەی تا ژێر چەنەکە چەکداری دەوڵەتی عێراق لە لایەن شەورەوی پێشووو هاوپێمانەکانی لە بەری سۆسیالیستی لە روگەیەکەوەوو، دابینکردنی تکنۆلۆژی پێشکەوتوو مادەی پێویست بۆ بەرهم هێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن کۆمپانیەکانی، بریتانیا، هۆلەند، فەرانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، ژاپون، سویس، لە روگەیەکی ترەوە، سونگەو هۆکاری خۆلقاندنی تراژیدیا مەرگەساتەکەی حەڵەبجەیە کەبێ یارمەتی ئەم وڵاتانە مسۆگەرنەدەبوو.

بێدەنگی مۆسکوو لە مەر ئەم کارەساتە دڵتەزینە دژمروڤانە کە هەڵگری هیچ پاساوێکی لۆژیکی نەبووو پشتیبانی بێ قەیدومەرجی لەرژیمی سەدام حوسین، پارتەکوردیەکانی ناچار بە گۆرانی هەڵوێستەکانی کۆنی پێشوویاندا کردو ئەم دیاردەیە حزبی کۆمۆنیستی عێراقیشی لە خۆداگرت. (16).

سەرجەمی ئەم هەڵوێستە نیگاتیڤانەی شەورەوی پێشوو لە حەنای مێژووی بزووتنەوەی کوردا سەرچاوەی لە دارشتنی ستراتیژیکەوە دەگرت کە جوڵانەوەی کوردی «بە پاشکەوتی دژئیمپریالیستی» (17) دەخەملاند و ئامادە نەبوو کە چییەتی و شۆناسی دۆزی کورد بە مانای رابوونی نەتەویی و فاکتەری بەرهەستی (subject)پەیوەندیەکانی نێونەتەویی پێناسە بکات. بە دێوەیەکی تردا، بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی کورد هاوئاراستەی بەرژەوندیەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران رێکنەدەهاتەوەو.

ئەم چوار ویستگەیە کە خرانەبەر لێکۆڵینەوە، پێگەی چەپی مارکسیستی لە کۆمەلگەی کوردستان لەق و لەرزوک و سیمای ئەم دیاردەیە لێل و بێ دوورەوێنا دەکرد و ئیتوارو متمانەی جۆر وڵاتێکی مەزن و ئاکترێکی کاریگەر لە ئاستی سیاسی و سۆپاییەوە دەخستە ژێر پرسیارەوە. لەرزوک و لەق بوونی پیگەو بنیادەکانی تیۆری سۆسیالیزم کە لە ناوەندی هشتاکانی سەدەی بیستمدا دەرکەوتبوو بە ڕۆخانی دیواری برلین لە ساڵی 1989 و بە هەرسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت و تێکشکانی ژیۆپۆلیتیکی ئەم وڵاتە لە 1991 دا، رەساکرا؛ بوە هۆی قەیرانێکی هەراوەو فرەئاراستەیی، (چ لە رەهەندی تیۆری و چ لە باری سیستم و پێکهاتەیی یەکەکانی سیاسی بەری سۆسیالیزمەوە) و خەسلەت و کاراکتێری نێونەتەویی بەخۆیەوەگرت.

ئەم رووداوە گرنگە کە وەرچەرخانێکی دیاریکراوی لە ئاستی جیهانیدا لێکەوتەوە ، سروشتیە کە کاردانەوەی قووڵ و نکۆلیکراوی لە سەر پارتە کوردەکان بە ئاراستەی چەپی مارکسیتی و چەپ بە واتەی گشتگیرەکەیەوە داناو روانگەو ئاسۆی هزری سیاسی و ئێدیولۆژی وانی گۆرا. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە چەپی هۆگری سۆسیالیزمی واقیعی (Realsocialism)رۆلی کاریگەر و بەرچاوی لە ریبەری و لە نێو ریزەکانی حزبی دیمکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە؛ دوکتۆر قاسملۆ و غەنی بلوریان، وێنەی دوو کەسایەتی ناودارو نیۆنەری بەرجەستەیئەم شێوازە هزری و سیاسیەیەی نێو ئەم حزبەن، ئەگەرچی برێک بۆچوون و روانگای سیاسی لە یەکتر جوودایان دەکاتەوە، بەڵام بنەڕەتی فێکری هەردووکیان لە یەک سەرچاوەوە هەلقولاوە. د. قاسملۆ بە گەڵاڵەکردن و درێژەدان بە سۆسیالیزم بە روخسارێکی مروڤانەوە کە لە لایەن دوبچێک ریبەری بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی چێکەسلواکی جاران (1968) هاتبووە ئارواەو بە بەهاری پراگ ناوزەدکرابوو، هەوڵیدا بە شیوەیەکی زانستیانەو ئاکادمیک وێنەی ئەم جورە سوسیالیزمە و ئاراستەکانی هزری و روگەی سیاسی کە هەلگرو دەربری ئامانجی داهاتوی حزبەکی پێکدەهینا بەخاتەروەو و گەشەی پیبدات، لە رویەکی دیەوە غەنی بلوریان بارخان و تانوپوی سۆڤیەتی جارانی دەخاتە ژێر رخنەیەکی توندەوەوو دەنووسێت کە بروای بەو گوتنە شکاوە کە «یەکیەتی سۆڤیەت لایەنگری لە نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان دەکات و بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەویش بەچەشنی وڵاتانی مەزنی بورژوازی هەر لەسەر بەرژەوەندی خۆی دەرواو دروشمەکانی روتەن لە راستی ئیدەلوژێکین، واتە بەدور لە بیروبۆچونی ئیدەلوژێکین». (18).

بەم شێوەیە ئەو توخمگەلە کە ببونە بنچێنەو بارخانی رووگەردانی و پێداچونەوە لە سەر پرنسیپەکانی چەمکی چەپ، چ لە بواری تیۆریەوە و چ لە ڕۆگەی کردەوەو؛ ڕامانیین و لاگیری دیاردەی چەپی لە کوردستانا گۆری و هۆکارەکانیشی هەروەها کە ئاماژەی پێدرا، زیاتر خەسلەت و کاراکتێری دەرەکی، واتە ئاراستەی نیونەتەویی بە روخساریەوە دیاربوو کە هۆی بنەڕەتی و لاوازبوون و لە پەراویز کەوتنی چەپ، جۆر پاشخانێکی ناسەقامگیر لە بزوتنەوەی کوردیدا دەژمێردرێت.

سەرەرای ئەم ئەزمونەو میژووە پر لە هەورازونشیوەی کە بزووتنەوی چەپ لە کوردستاندا بەخۆیەوە بینیەتی؛ بەشێکی فرە گرنگ و گەورەی لە رەوتی ئازادیخوازی کوردی پێکهێناوە و لە پروسەی هوشیاری و رۆشنبیری و ئاگای بەخشین بە کۆمەڵگەی

**بنەڕەتی جیاوازی و ناکۆکی چەپ لە کاتی سەرهەلدانیەوەو تا نوقم بوونی لەنێو دەریاێک لە قەیرانەکانی سەرەتای دەرکەوتنی هێماکانی دارمانی شەری سارد لە 1985 و هەرسهێنای شەورەوی جاران، لە تەک حزبە گشتگیرەکانی(نەتەویی) کوردستاندا (حزبی هیوا، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و عێراق و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق و حزبی سوسیالیستی کوردستانی تۆرکیە و سوریە) لە سەربەخۆیی و تایبەت بوونی بە چین و تۆێژەکانی چەوساوەو و بەندبوونی بە بەشی ڕۆناکبیری تویژەی ناوەراستەوە سەرچاوە دەگرێت**



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com

کورد رۆڵی بەرچاوی گیراوەوو بەشێکە لە مێژووی جوڵانەوەی نەتەویی کورد.

**ـــــ شۆڕشی 57، گریگترین رووداوی سیاسی ئێران بوو لە سەردەمی نوێدا، کورد بە گوتاری ناسیونالیستی و مافی چارەنووس و رەوتی شۆڕش بە گوتاری ئیسلامییەوە، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن و گوتاری بەهێزی شۆڕش و ئاکامەکانی لەسەر کورد چ بوون؟**

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 دا رژیمی پاشایەتی رۆخاندو هاوسەنگی هێزی سیاسی چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی وڵات توشی ئاڵوگۆری توندو بنەڕەتی کردو بوە هۆی لاوازبوونی بەشێک لە جەمسەربندی پێکهاتەکانی شەری سارد؛ واتە لە بواری پەیوەندییەکانی نێونەتەویەوە دوچاری کێشەو گرفتی جیدی هات. رۆژئاواو ئەمریکا یەکێک لە هەرە نیزیکترین هاوپیمانەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا لە دەستداو بە گۆرانی هاوسەنگی هێز، ئاکامی شۆڕشی ئێران، سێ گوشی ژئۆپۆلیتیکی ناوچەکە(ئێران، عێراق، عەرەبستانی سعودی) بە سوودی بلۆکی سۆسیالیستی گۆراو تاران پەیمانی سنتوی بەجێهیشت.

ئەگەر لە رووی سیاسەتی جیهانیەوە وردبینەوە بەو دەرئەنجامە دەگەیین کە شۆڕشی گەلانی ئێران جیا لە تەشکی چینایەتی، ئاراستەی سیاسی و ریزبەندی لە ئاستی سەرکردایەتی شۆڕش؛ ئەم رووداوە مێژووییە زەبرێکی توندو قورس بوو کە سەنگ و بەهاکانی رۆژئاوای دەخستە مەترسیەوە و هەرەشیەکی دیاریکراو بوو کە دیتوانی لە داهاتودا ببیتە بنکەیەک و پێگەیەک بۆ لەق و لەرزوک کردنی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاواو وڵاتەیکگرتوەکانی ئەمریکا.

دەگمەن نییە کە هەر لە بەیانی سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بە خۆشحالیەوە پیرۆزبایی لە رژیمی تاران کردوو دامودەزگاکانی راگەیاندن و پرۆپاگاندەی ئەم وڵاتەو بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی و حزب و رێکخراوەکانی سەر بە باڵی چەپی جیهانی شۆڕشی ئێرانیان بە وەرچەرخانیکی دەژئێمپریالیستی ناوزەدکرد.

لە باری پێکهاتەی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و روانگەو بۆچوونەکانی سەبارت بە کێشەو پرسە سەرکیەکانی بە میرات گەیشتووی رژیمی پاشایەتی، لەوانە دیمۆکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، دۆئالیزمیکی سیاسی پێکهاتەیی لە ئێراندا هاتبووەوە ئاراوەوو باڵی کەسایەتیە ئائینیەکان بە مەبەستی یەک لاکردنەوەی دەسەڵات هەوڵیان ئەدا کە باڵی لیبرالەکان لە سیستم و دەوروبەری حکۆمەتدا بخەنە پراوێزەوەو کاریگەریان لە رەوتی بریاردان و کۆنترول کردنی دەوڵەتدا سنوردار بکەن و بەم شیوەیە رژیمێکی یەکدەست و یەک لایەنە لە سەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و مەزهەبی شێعە لە ئێراندا دابمزرێنن. خۆمەێنی بە پیشنیارکردن و گەلالەکردنی وەلایەتی فەقی توانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی و هاوبیرەکانی دەستەبەر بکات و لە هەمان کاتدا دەستی بەسەر هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەتیدا گرتوو لەم ریگەیەوە بنەماو بنچینەی سیستمی پاوانخوازی لە ئێراندا مسۆگەرکردو پێکیهیناو بەم جورە بە هەر چەشنە فراکسیۆنێکی بە هێزو کاریگەر لە قەوارەی دەسەڵاتدا کۆتایی هێنا.

چەمکی دیمۆکراتیزەکردن و پەرەسندنی ئازادیەکانی تاک و کۆمەڵگەو بەشداریکردنی «کەمەنەتەوییەکان» لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا کێشەیەکی سەرەکی دیکە بوو کە رژیم دەبوایە وڵامی شیاوی و رێکاریکی گونجاوو ئاوەزمەندانەی بۆ چارەسەرکردنیان بدوزیایەتەوەو.

لە سۆنگەی فێکری و هزریەوە نە خۆمەینی و نەش هاوبیرەکانی باوەرو و متمانەیان بە خۆدی چەمکی نەتەوە نەبووو رەوتی نەتەوییان دژی بەهاو پرنسیپەکانی ئیسلام لە قەلەم ئەداو خۆمەینی بەڕاشکاوی و بەبی شاردرانەوە نەتەوەپەروەری دژی ئیسلام پێناسە دەکرد.

دیسکۆرسی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە بەیانی دامزراندنیەوە تا هەنوکە، لە سەر بنەمای چەمکی ئومەت، واتە نکۆلیکردن و نەرێکردنی جیاوازیە ئێتنیکی و فەرهەنگی و سەرزەوینەکانی ئێران بنیاتنراوەو گەرانەوە بۆ بەهاکان و نەریتەکانی فەرهەنگی ڕوخساربەندی پێش مۆڵکداری، جۆر ڕێبازو شیوازی بەرێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان و پرسەکانی وڵات پەیرەوکراوەو دەکرێت.

وەکۆ هەر بەسەرهاتێک کە خاون دوو رووە و دەتوانی ماکەو توخمی ناتەبایی و ناکوکی لە دەرونی خۆیدا بەپەروەرێنێت و ژیانی پێبەبەخشێت، ئەم جورە بۆچوون و بیرکردنەوە لە لایەن خۆمەێنیەوە لە تەک پێکهاتەو پەیوەندییەکانی کۆمەلگەی ئێراندا هەڵینەدەکردو ریکنەئەهاتەوەو هەڵگرو زایەلەی چەقبەستوی سیستمیکی فیکری و فەرهەنگی نەزۆکی کات بەسەرچوی تەریکی هەزارەکانی پێش سەردەم و ناتەبا لە تەک چاخی پەرەسندوی ئەمرۆی دونیابووو سروشتیە کە لە گەل تانوپوو بارخانی جوڵانەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پروسەی پێشڤەچون لە ئێراندا ناهاوخوان بێت.

رەوتی دوایی رووداوەکان کە بە خێرایی وتوندیەکی چاوەروانکراوەوە هاتنەئاراوەو لە لایەکەوەو، سوربوون و پێداگرتنی دەسەڵاتی تازەپێگەیشتوو لە پەیرەوکردن و دامزراندنی رژیمیکی چرو ناوەندتەوەرەوە لە لایەکی ترەوە، رێگای لە سەر پێکهێنانی پانتایەکی ئەهون و نەرمونیای سیاسی و فەراهەم کردنی زمانێکی هاوبەش داخستو لە ماویەکی فرە کەمدا ناتەباییەکانی هزری و رێبازی گۆرا بە تێکهەلچون و پێکدادانەوەی چەکداری لە کوردستاندا.

دیارە تویکاری ئەم بەشە لە مێژووی کورد و ئێران بە پێوەرەی ئەمرو کارێکی ستەمو دژوارەو بۆ شیکاری دیاردەکان و رووداوەکانی مێژوویی بەر لە هەموو شتیک ئەشی رێچکەو بەستینی دیاریکراوی هەر ویستگەیەک و هەر قۆناخێک، چ لە ئاستی دەرەوەو چ لە ئاستی ناوەوەە دەست نیشان و بە وەردی و دیقەتی زانستیانە لێیکۆلدرێتەوەو لایەن و روگەکانی سەرەکی و ناسەرەکیان ویناکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە سەنگ و قورسایی و هەروەها هێزو تواناکانی شارەوەو نەشاراوەو رۆڵی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بخریتە بەر تیشکی تویکاری و شیکردنەوە.

بەمپیە هەوڵدەدرێت، بوارەکان و رووداوەکانی گرنگ دەستەبەر و لایەن و رۆگەکانی بە ڕەواڵەت ناتەباو، لە ناوەرۆکدا هاوئاهەنگ و تەبا ئاشکار بن و بخرێنەروو. ئەم پۆڵێنکردنەوەیە بە دوو بەشی ناوەکی و دەرەکیەوە پەیوەستەو بە کۆرتی ئامانجی سەرهەڵدانی بزاڤی کورد لە رەوتی دەرکەوتنی شۆڕشی دژی پاشایەتی لە ئێراندا ویناەدکات.

**ـ ویستەکانی کورد لەو قۆناغەدا ئیدارەی کوردستان لە چوارچیوەی سیستمی خودموختاری بوو، ئایا ئەو بارودۆخە لەگەڵ خواستەکانی کوردیدا یەکی دەگرتەوە؟**

و ـ هەروەها کە روون و ئاشکرایە گەلی کورد لە شۆڕشی ئێراندا بەشداربووو لە تەک سەرنوخۆنی رژیمی پاشایەتیدا لە بەشێکی کوردستاندا درۆشمی دیمۆکراسی بۆ ئێران و خۆدموختاری بۆ کوردستان لە سەر بنەماکانی نەریتی پێشوو هاتەئاراوەو. پێش هەموو شتێک ئەم ویستە و خواستە ڕوانگایەکی دیمۆکراتیک بوو کە لە چوارچێوەی ئازادیە دیمۆکراتیکەکاندا و بۆ لە نێوبردنی پێکهاتەو سیستمی تاک رەهەندی سیاسی، واتە ناوەندی بوونی چروپری دەسەڵات گەڵاڵەکرابووو داوای دەکرد لە حکۆمەتی ناوەندی کە دەسەڵاتی ئیداری و فەرهەنگی لە چوارچێوەوبوتەی ئێرانێکی یەکگرتو لە کوردستاندا دەستەبەربکات. لە بارەی تیۆریەوە چەمکی ئۆتونومی شێوەیەکە لە شێوەکانی سەبەرستی سیاسی لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی ئۆرگانیکی بە دیمۆکراسیەوە هەیە. لە باری پراتیکەوە خوازیارنی خۆدموختاری، وەکۆ مەرجی سەرەکی دەبێ ریکخراوەیەکی سیاسی و گشتگیریان پێکهێنابێ و مەرجی دوهەم برێتیە لە؛ بەفەرمی ناسینی ئەم ڕیکخراوەیە و یان بەرە و حزبە لە لایەن وڵاتانی هاوسی و وڵاتانی گەورەی جیهانی کە جورێ هۆکارو لاهێزێکی کارامەو توانایە کە دەبێتە هۆیەکی گرنگ و کارتێکەر لە سەر دەوڵەتی ناوەندی بۆ کرانەوەی پانتایەکی هەراوەی سیاسی و بەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری بە سەر هەریمە خۆدموختارەکاندا.

بەمپێیە دەوڵەتی ئۆتونومی درووست دەبێت و توانای ئەوەی پێدەبەخشدرێت کە لە پەراوێزەکان و کەلێنەکانی سیاسی سوود وەربگرێت و هێزو توانی مانۆری سیاسی خۆی پتەوبکات و بەم شێوەیە ئیرادەی سیاسی ـ نەتەویی بەسەر دەوڵەتی ناوەندا بەسەپێنێت و ریگا لە سەرکۆتکاری و پێشلکردنی مافەکانی هەریمی ئۆتونومی ببەستێت.

بەدڵنیاییەوەو بە سەرنجدان بە مێژووی دوورودرێژی دەرکەوتن و ئاوابوونی شۆڕشەکانی پیشووتری کوردستان تا قۆناخی شۆڕشی ئێران، هێچکام لەم مەرجانە نە تنیا لە کوردستاندا نەهاتنەئاراوە، بەڵکۆ ئەزمونە تاڵەکانی سەرنەکەوتویی بزووتنەوەکانی ڕابوردوی کورد بە سەرسۆرمانێکی لە رادەبەدەروە لەم ویستگە مێژوویەداوویات بوونەوە.

جیا لە سەرکوتکاری و هێرشە مەرگەساتەکانی رژیمی دواکەوتوو پاوانخوازی ئێران بۆ کوردستان و کاولکاریە ماڵوێرانکەرەکان و ژنۆسایدی خەڵکی کورد، جۆر فاکتەرێکی دەرکی گوشار لەروگەیەکەوەو، هەڵە ستراتیژەکانی ریبەرایەتی ئەوکاتەی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەکۆ فاکتەرێکی ناوەکی لە روگەیەکی ترەوە، هۆکارەگەلێکی گرنک و بەرچاون کە کاریگەری نیگاتیڤانەیان لە سەر جوڵانەوی کورد داناوە.

**پ ـ ئەو هەڵانە کامانە بوون کە ئەم پرۆسەیەی دوا خست؟**

هەروەک باسم کرد، هەڵە ستراتیژەکانی ریبەرایەتی ئەوکاتەی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەکۆ فاکتەرێکی ناوەکی و، هۆکارەگەلێکی گرنک و بەرچاون کە کاریگەری نیگاتیڤانەیان لە سەر جوڵانەوی کورد داناوە.

کە بریتین لە:

سەرتا، تەسک وتوسک بوونی کاری ریخستن و ڕیکخراوەیی لە رێزەکانی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زحمەتکیشانی کوردستانی ئێران. هەر لە رەوتی شۆڕشی ئیران و پاش رۆخانی رژیمی پاشایەتی، جەماوەرێکی گەروە لە شارودیەکانی کوردستان بە مەبەستی بەشداریکردن لە پروسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا روویان لەم حزبانەکردو و بەشێکی بەرچاو لە خەلکی خویندەوار پێوەست بوون بە ریزەکانی ئەم حزبانەوە.

ئەگەر ئامانجی سەرەکی دامەزراندی حزب گەیشتن بە دسەڵات و پێکهێنانی سیستم و پێکهاتەی دەوڵەتێکی دیاریکراوە (بە پێ پەیروەو پرۆگرامی حزب)، راهێنان و پەروردەی ئەندامان و بەهادان بە ئاستی زانست و فیربوونی زانستیانەی چەمکەکانی، سیاست، ئابوری، فەرهنگی و کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سەرجەمی بەهرەکانی ئەندامانی حزب (لە سەروەو خوارەوەی پێکهاتەی حزب) ئەرکێکی پێویست و نەگۆرە. ئەم واقعیە ئاسایی و سەرەتاییە کە پیویستی بە تویکاری و تویژینەوە نییە، نەبوە کۆلەکەو بنەڕەتی ئامادەکاری و راهێنانی حزب بە ئەندامانی ئاسایی و بە رێبەرایەتیەکێشیەوە.

لە غیابی ئەزمونی شیاوو لیهاتووی رێکخراوەیی چ لە ئاستی کادرو ئەندامان و چ لە ئاستی رێبەرایتی، شاڵاوی مەزنی ئەم هێزە جەوان و پروەزە جێگایەکی لەبارو شایستەی لە نێو ئەم دوو ریکخراوە سیاسیە کوردستانیەدا بۆ خۆی مسۆگەر نەکرد. هۆکاری ئەم دیاردە نیگاتیفە زەمینەی سیاسیی بۆ کە بە دارشتن و بەرجەستە کردنی تەنیا یەکێک لە ڕێبازو شێوەکانی کاری سیاسی (شەری چەکداری) رەنگی دابوەوە و لەم ڕوانگایەوە هەوڵو تەقالا بۆ ئامادەکردن و فەراهم هێنانی بەستەری کەلتوری و مانا پربایەخە کاریگەریەکەی لە سەر کۆمەڵگە، نزم و کەم کرابووەوە. ئامانج لە بەکارهێنانی بەستەری فەرهنگی یان بە زاراوەی مۆنتسرات گیبرنا (بەرخۆدانی کەلتوری) ە کە ئێژێت «بەرخۆدانی کەلتوری بەزیندویی هێشتنەوەی ژیانی روناکبیریی نەتەوەیە کەشێوەو ئاستەکانی بە گۆیرەی ئاستی ستەمی دەوڵەت دەگۆرێ »(19).

لەباری دارشتنی ستراتیژی سیاسی و بەکارهێنانی ئامرازو تاکتیکەکانی گیشتن بە ئامانج و هەدەفەکانی دوورو نیزیکی بزاڤی کورد لەم سەردەمەدا سەرکردایەتی کورد توشی دوو هەڵەی ستراتیژیکی(4*) هات: سەرەتا، هەڵسنگاندنی زیادەرەوانە لە هێزوو وەرگەو لەدەسهاتنی جوڵانەوەی کورد.

دوواتر، دەرکپێنکردن بە دیاردەی هاوسەنگی هێز و سنوردار بوونی روانگای سیاسی لە ئاستی پەیوەندیەکانی نێونەتەوییدا.

سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە رەوتی تیکهەڵچۆنی شەری چەکداری لەدەستەبەرکردنی هاوپیمانی هیزە سیاسیە کانی ئێراندا سەرکەوتو نەبوو و بە هەڵبژاردنی پشتیوانی لۆجستیکی (عێراق)، کردییانە کەوتە نێو بازنەی کایەی سیاسەتی ناوچەیی عێراقەوەو و بە داگرسیان و گرگرتنی شەری نێوان ئێران و عێراق خراوە پەراوێزەوە و لە ماویەکی زۆر کەمدانا ناچار کرا ئەو ناوچانە کە لە بەردستیدا بوو بەجیبهێلێت و بکەوێتە بازنەی سیاسی و سەربازی دەوڵەتانی ئێران و عێراق و هەردوو رژیمی سەرکوتکەر "کارتی " کورد دژی یەکترو دژی بەرژەوەندیەکانی رەوای کورد بەکاربەهێنن.

ئەم بارودوخە نالەبارە جۆر مۆرکی کاریگەری دەرەکی، گوشاری قورس و سامناکی لە سەر جولەی

**لە باری پێکهاتەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و روانگەو بۆچوونەکانی سەبارت بە کێشەو پرسە سەرکیەکانی بە میرات گەیشتووی رژێمی پاشایەتی، لەوانە دیمۆکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، دۆئالیزمیکی سیاسی پێکهاتەیی لە ئێراندا هاتبووەوە ئاراوەوو باڵی کەسایەتیە ئائینیەکان بە مەبەستی یەک لاکردنەوەی دەسەڵات هەوڵیان ئەدا کە باڵی لیبرالەکان لە سیستەم و دەوروبەری حکۆمەتدا بخەنە پراوێزەوەو کاریگەریان لە رەوتی بریاردان و کۆنترول کردنی دەوڵەتدا سنوردار بکەن و بەم شێوەیە رژێمێکی یەکدەست و یەک لایەنە لە سەر بنەماکانی شەرێعەتی ئێسلامی و مەزهەبی شێعە لە ئێراندا دابمزرێنن**



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com

**لەلایەکی ترەوە هۆکاری سەرەکی خۆپاریزی لە بەشداری کردنی هەموو لایەنە بەرفراوانی کورد لە ڕەوتی جوڵەی سەوز، جگە لە سەرکوتکاری و توندو تیژی هێزەکانی ڕژیم لە کوردستاندا، تەماوی بوون و نادیاری نیگاو ڕوانگەی خۆدی پێکهاتەی جوڵانەوەی سەوزە(لە خوارەوە تا سەروە) لە سەر کێشەو پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا؛ گرێکی کویرو ئەستەمە کەتا هەنوکە هەوڵ و مەیلی کرانەوەی لە لایەن ڕێبەرایەتی بزاڤی سەوزەوە نەبینراوە**

کوردی بەجێهیشت و دوواتر دەرئنجامەکانی نیگاتیڤانە (شەری کۆمەڵە و دیمۆکرات)ی لێکەوتەوە؛ گرنگتر لە مەش و یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم پاشەکشە خێراو توندە، کەم کردنەوەی بەهاو پرنسیپەکانی کاری پرتاقەت و هێورانەی سیاسی و بەدیوەکەی تریدا، بەرزنرخاندنی چالاکی چەکداری بە شێوەیەکی ڕەهاو بێ سنور بووە.

ئاکامی هەلبژاردنی ڕێبازی تاک ڕەهەندی جولەی چەکداری کە بە شێوەیەکی گشتگیر تانوپوی بزووتنەوەی کوردی هۆنیبووەوە شتێک نەبوو جگە لە نۆقم بوون لە دەریای بێ کەنارەی ڕۆمانتیسمی شۆڕشگێرانەدا. سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانایەکانی زینی و هزری لە ئاستی مێتۆدی زانستی سیاسی و لێکدانەوەی دیاردە ئاڵوزو دژوارەکانی جیهانی، بە تایبەت چەمکی دیپلۆماسی و ڕەهەندی پەیوەندیەکانی نێونەتەویی نزم و سنوردار بووەوو بەم بۆنەوە بزاوتی کورد لەوسەردەمەدا نەیتوانی لانیکەم هاودەردی و سۆزی بیرورای جیهانی بۆ کێشەی کورد ڕاکێشی و لەوانە کارەساتترو کوشەندەتر هیچکام لە وەڵاتانی گەورەی دنیای ئەورو ئامادەنەبوون لە دوزی کورد پارێزگاری و پشتیوانی بکەن و بەم جورە زەبرێکی قورس و گاریگەر لە باری پەیوەندیەکانی نێونەتەوییەوە لە کورد کەوت.

ڕەوتی ڕووداوەکانی پێش و پاش جەنگی وێرانکەری ئێران و عێراق(5*)کاریگەریەکی قوڵی نیگاتیڤانەی لە سەر بزاوتی کورد لە هەموو پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان هەبوەوەو جوڵانەوەی کوردو بە تایبەت حزبەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا توشی ناهومیدی و خەمساردی کردو ناچاریانی کرد کە ڕوو بکەن بە سیاسەتی «سەورو چاوەڕوانی» و بە تەمای تەقینەوەویەکی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، ڕۆژگار بەسەربەرن.

بەم شێوەیەو لە کۆکردنەوەی سەرجەمی پێشهاتەکان و ڕووداوەکانی پاش و پیش شۆڕشی گەلانی ئێران (1979) تا شەری خۆکوژی حزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران و پنابردن بە ئەو دیوی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پروسەیەکی دووروردرێژی تێپەرکردوە.

جیا لە هەر داوەریەک و جیا لە هەر ڕوانگاو بۆچوونێکی ناکوک و نە تەبا، ئەم واقعیە کە ناتواندریت لە سونگەی مێژووییەوە بشاردریتەوە، بوونی ئەم ڕاستیەیە کە جوڵانەوەی کورد لە ڕوژهەڵاتی کوردستاندا بە سەر هەموو کەموکورریەکانیەوەو هەموو هەڵەکانی کە لە بری قۆناخدا وەک هەڵەیەکی کوشەندە سەریان هەڵداوە، هێزو ئاراستەیەکی سیاسی بەرچاوو کاریگەرە کە لە پانتای سیاسی کوردستان و ئێراندا هاتگە ئاراوەو و بەشێکی زۆر گرنگە لە مێژووی هاوچاخی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو دیمۆکراتیکی ناوچەکە.

**- ڕۆژهەڵاتی ناوین، ناوچەی قەیراناوی جیهان ڕووبەڕووی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بووەوە کە بە "بەهاری عەرەبی" ناوزەد کرا کە بەهاتنە سەرشەقام لە وڵاتی توونس دەستی پێکرد و هەموو وڵاتانی عەرەبی گرتەوە و لیبی بە سەختترین باروذۆخ و توندوتیژیدا تێپەڕی، جەنابتان ئەم گۆرانکارییە چۆن لێکدەدەنەوە و پێگەی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و- بەوەردبوونەوە لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگی «جیهانی عەرەب» ئەم واقعیە دەردەکەوێت کە لە ڕەوتی گەشەکردنی ڕوشنگەری و ریفۆرم کە دیاردەیەکی بەتەواوی ڕۆژئاواییە، وڵاتانی عەرەبی هەرگیز لە خۆنەگرت و نەبوە هەوینی دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی مەدنی لەم وڵاتانەدا. هۆکاری دواکەوتنی «جیهانی عەرەب» بە تایبەت و ڕۆژهەڵاتی ناوەندی بە گشتی لەهەر ڕوگەیەکەوە (مێژوویی، کۆمەلایەتی، ئابوری، کەلتوری، دەروننناسی) لێکبدریتەوەو، ناتوانێت ڕۆڵی کاریگەر و دیاریکراوی نیگاتیڤانەی چەمکی ئەفسانە و خەیاڵ کە لە کۆنسێپتی ئایینی ئیسلام و لەقە جیاوازەکانیدا دەرکەوەتوە لە سەر کۆمەلگەی «جیهانی عەرەب» نەرێنەبکات؛ ئەم دیاردەیە چییەتی و کاراکتەری ئایینی گۆراوە بە چەشنی لە ئیدیۆلۆژی ڕەسمی دەوڵاتانێک وەکۆ ئێران و سعودی و هتد.

ڕێک لە قۆناخی دەرکەوتن و وەرچەرخانەکانی گرنگی ئەم دووایانەی وڵاتانی عەرەبی مەودایەکی لەبارو شیاو بۆ تویکاری ڕیشەو ڕسکانی تیکهەلچونەکان و نەتەباییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم وڵاتانە فەراهەم هاتوە کە هوکارەکانی بنچینەیی ئەم گۆرانکاریە قولانە کەتا هەنوکە درێژەی هەیە و بە شیوەیەکی نەبراوە تانوپوی سیاسی و ئابوری ئەم وڵاتانەی هونیوەتەوە، پیناسە بکات و پانتای ژئۆپۆلێتیکی بەهاری عەرەب بە جیاوازیە ڕەواڵەتیەکانیشیەوە وێنا بکات.

خەسلەتی ئەم بزووتنەوە گشتگیرە کاراکتەری سیاسی دژپاوانخوازانەو فرەرەهەندی پێوەدیارەو لە تەک قۆناخی مێژوویی ساتووەختی دژکۆلۆنیالیزمی دەیەکانی دوای شەرەکانی جیهانی هەوڵ و دوهەم جیاوازی بنەڕەتی و پێکهاتەیی هەیە.

لەروی ڕاڤەکردنی مێژووییەوە ئیندێکسی سەرەکی و بەرجەستەی قۆناخی ناسیونالیزمی عەربی، دابینکردنی ئازادی و سەربەخۆیی لە ڕێگەی بنیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوییەوە تێپەربوەو و ئەم پروسەیە بە شێوەی (سەروە بۆ خوارەوە) بەئنجام گەیشتوەوە و کۆتایی پێهاتووە. پروسەی دەوڵەتی نەتەویی ویست و ئامانجی سەرەکی و ئاراستەی سیاسی بزاڤی هەنوکەیی ئەم قۆناخە لە شۆڕشی ئەم وڵاتانە دیاری ناکات، بەڵکۆ هەوڵدان و تێکۆشانێکە بۆ بنەڕەتی کردنی بەهاکان و پرنسیپەکانی گشت مرویی لە سیمای ئازادیە دیمۆکراتیەکاندا بە ڕێگەی ڕۆخاندنی سیستم و پێکهاتەکانی سیاسی سەرەروو (Despotism)کە بە درێژایی دیەکان و سەدەکان لە بەستینی چەقبەستوی کۆنەخوازی و سەرکۆتکاریدا سەقامگیربوون و پێکهاتەبوون.

ئەگەر ڕژیمەکانی پیشووی تونیس، مێسر بە گەورەکردنی دێوزمەی تێرور و بنیادخوازی ئیسلامی توانیبوویان پانتایەکی ترسناک و هەرەشەئامیز و پەرلەمەترسی بۆ داخستنی هەرچەشنە دەلاقەیەکی ڕوو بە ئازادی و دیمۆکراسی لە ناوخۆی وڵاتدا بەخوڵقێنن؛ هەم بەم بیانووەوە توانیبوویان یارمەتی بی قەیدومەرجی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی گەندەڵ (متبونی ئابوری و بێدەرتانی زۆربەی دانیشتوان و جەماوەری ئەم وڵاتانە، ئاستی نزمی فەرهەنگی...) و سەرکۆتکاریەسیستماتیکەکانیان مسوگەربکەن.

ئەم دوخ و هەلومەرجە لە ئاکامی وەرچەرخانەکان و گۆرانکاریە بێ سنورە جیهانیەکاندا هاتونەتە ئاراوەو چیتر دەسەڵاتە پاوانخوازەکان لەتوانایاندا نەبوو کە ببنە ڕێگرو لەمپەرێک بۆ گەشەکردن و پەرەسندنی کۆمەڵگە داخراوەو خنکێندراوەکانی «جیهانی عەرەب». مێژووی گۆرانکاریەکانی مروڤایەتی رونیکردوەتەوە کە هەر کۆمەڵگەیەک وێرای هەر چەشنە تایبەتمەندێک و هەر جۆرە پیکهاتەیەکی سیاسی - ئابوری، کۆمەڵاتی - فەرهەنگێک کە لە دەرونی خۆیدا پەروەردەی کردبێت، ناتوانی تا ئەبەد بە چەقبەستویی و دواکەوتویی بمێنیتەوەو «هیچ شتێک ناتواندرێت بۆ هەمیشە بەپاریزرێت، جیهان بەردەوام لە حاڵی گۆراندایەو ئەگەر ئەم راستییە نەبینین مەحکۆم بە شکست دەبیین.»(20.)

ڕژیمی دیکتاتۆری ئەسەدەکان لە سووریە تا ماوەیەکی دووروردرێژ بە ڕەواڵەت بانگەشەی بەرگری و پشتیوانی لە دوزی کوردی دەکردو لەسایەی ئەم سیاستە دووڕویانە، کوردەکانی لە هەرچەشنە مافێکی سەرەتایی (نکولێکردن لە شۆناس و ڕەگەزی نەتەوایەتی، ڕاگرتنی کوردستان لە ئاستێکی نزم و بەربەستکردنی پروسەی گەشەکردنی فەرهنگی و کۆمەڵایەتی و تالانکردنی سامانی سروشتی - سەرزەوینی کوردستان و سەرکوتکردنی حزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی و مەدنی...) بێوەری کردوەو لە ئاستی سیاسەتی دەرەکیەوە بە پێکهاتن لە تەک ئانکارا زەمینەی بۆ بەندکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان سەروکی پارتی کریکارانی کوردستان ئامادەکردو بەم جورە سەلماندی کە لە دنیای سیاسەتی کردەوەخوازانەی خۆیدا هیچ چەشنە مەیدان و جێگایەک بۆ مۆراڵ و پرنسیپەکان و بەهاکانی مروڤایەتی ڕەچاوناکات .

سروشتیەکە سیاسەتی مستی ئاسنین بۆ سەرکوتکردن و خنکاندنی ئازادیە دیمۆکراتیکەکانی گەلانی سووریا بە گشتی و هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کورد بە تایبەت، شەپوڵی مەزن و پەرچەکرداری لەبارو شیاوی لێکەوتوتەوەو یەکێکە لە هۆکارە بنچینیەکانی سەرهەڵدانی جوڵانەوەی دژی دیکتاتۆری لە سووریەدا .

ئەم شاڵاوە گشتگیرە بەشیێکی کوردستانی لە باوش خۆیداگرتوەوەو کاریگەری بێ ئەملاوئەولای لە سەر ڕەوتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژئاوای کوردستانی داناوە. دەگمەن نییە کە حزب و ڕیکخراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کۆک نین لە ناوزەدکردنی سووریا بە وڵاتێکی عەرەبی و بەدیوەکەی تریدا، خوازیاری دەستەبەرکردنی ویست و خواستەکانی میژوویی کورد لە سووریادان کە بریتین لە «ناوی کۆماری عەرەبی سووریا بکرێتە کۆماری سووریا، بەنووسراوی قبوڵبەکەن کە لە دەستووری داهاتوودا دان بە مافە نەتەوییەکانی کۆرد دادەنێن لە چوارچیوەی سووریادا. وڵاتی سووریا بەو پیکهاتەی ئێستایەوە بەشێک نییە لە نیشتمانی عەرەبی» (21.)

ئەم مەرجانە کە لە لایەن کوردەوە ئاراستەی ئۆپۆزسیونی سووریە کراوە ڕێکارێکی ژێرانەو ئاوەزمەندانەیە کە ڕۆڵی کورد لە سووریەدا گارانتی دەکات و تارادەیەکی بەرچاو ڕێگە بە دەسەڵات ویستی و ناوەندتەوەری لە پیکهاتەی سیاسی داهاتووی سووریەدا دادەخاتو سنورداری دەکات.

بە کۆرتی بنەماکانی نەریتی کۆمەڵگەی عەرەب، نەبوونی ئەزموونی فەرهەنگی پێکەوەهەڵکردن و دیمۆکراسی، بێوەری بوون لە ژیرخانیکی هزرمەندو پەرەسەندو، هوکارێکی گرنگە کە ببوەتە هۆی کورت بینی سیاسی پۆزیسیون و ئۆپۆزیسیون (لیبیا) و یەکێکە لە گەورەترین و هەستیارترین مەترسیەکانی سەقامگیری بەردەوام و لەمپەرێکە لە بەردەم گەشەکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە لایەکی ترەوە، چالاکی ئاراستەکانی سیاسی و سەربازی توندرەو و بنیادخواز جۆر گروپی سەلەفیەکان و بەشیک لە ڕێکخراوەی ئەخوان المسلمین، ڕەوتی بنەرتنیانی سیستم و پیکهاتەی پرنسیپەکان و بایەخەکانی مروڤایەتی و چەمکی ئازادی و دیمۆکراسی روبەروی کێشەو مەترسی دەکات.

لە سونگەی نێونەتەوییەوە ئەگەرچی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە ژئۆپۆلیتیکی ناوچەکەدا هاوئاراستەو تەبان، بەڵام بە هاتنەئارای جەمسەربەندی نوێ جیهانی، واتا وڵاتانی رووسیە، چین، برازیل، ئافریقای باشورو هند بەهاسانی پێکەوە هەڵناکەن و ڕەکابەری ئاشکارو نهینی ئەم دوو جەمسەرە بەهێزو مەزنە ڕەنگە لەداهاتودا هێندی ئاڵوزی و گرفتی چاوەڕواننەکراوەی لیبکەویتەوە. لەمانە گرنگتر سیاسەتی ستانداردی دووفاقەی ئەمریکا لەناوچەکەدا و بەتایبەت لە کەنداوی فارسدا ببوەتە هۆی نیگەرانی و ئاستەنگیکی دوژوار کە دوورەوێنا و ئاسۆی بەهاری عەرەبی لە پانتایەکی گەشبینانەدا وێنا ناکات.

**پ - بزووتنەوەی سەوز لە ئێراندا دەرەنجامی بەئاکام نەگەیشتنی ڕەوتی ڕێفۆرم لە ئێراندابوو، زۆرێک لە کارناسان پێیان وایە کە بزووتنەوەی سەوز دوایین هەوڵی خۆی لە گۆرەپانی سیاسی ئێراندا نواند و بێ ئاکام مایەوە و بووە هۆی درزبردنی نێوان پێکهاتەی سیاسی ئێران، ئەم جەریانە و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد چۆن شرۆڤەدەکەن؟**

بزووتنەوەی سەوز لە ئێراندا، یەکێکە لە گرنگترین و هوشیارترین جولە کۆمەڵایتیەکانی سێ دەیەی لەمەوبەری ئێران کە سیستم و پیکهاتەکانی سیاسی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تا لێوارەی ئەستاندەوەی "ڕەوایی" سیاسی ڕژیمی بردو هەرلەو لوتکەشدا ڕاێگرت و بوە ئافەریدەێک و ڕەوتێکی فرەلایەن کە کۆمەلگەی کپ و داخراوەی وڵاتی هەژاندو قەیرانی ڕەوایی وەلایەتی فەقی لە بەرانبەر ئەزمونیکی نوێدا دانا. کاتێک لە ڕوانگەی سیاسیەوە رادەمێنین، هۆی سەرەکی دەرکەوتن و بەشداربوونی ئاراستەسیاسیە فرەرەهەندەکانی ئەم بزاڤە ئازادیخوازانەیە کە بەرهەمی زیادتر لە سێ دەیە سەرکوتکاری سیستماتیکی فەرمانرەواکانی ئێرانە، ئاشکراو روون دەبیتەوە.

کانت ئاماژە بەراستێکی گرنگ و هەستیار دەکات ، کاتێک دەنوسێ «ئازادی پێکهینەری پانتایەکی لەبارو هەراوەیە بۆ دیمۆکراسی». (22.)

بێدەستەبەرکردن و گەشەپێدانی ئازادی، وەکۆ جەوهەرو بنەڕەتی هەرجوڵانەویەکی پێشکەوتوی کۆمەڵایەتی، دژوارە کە پێکهاتەیەکی دیمۆکراتیک لە بەستینێکی دەڵنیاو سەقامگیر بیتەئاراوەو دابمەرزێت و بۆ ئەم مەبەستەش، فەرهەنگسازی جێگایەکی بەرزو گرنگی لەم پروسەدا پێدەبەخشدریت و ئەم ڕەوتە بێ ئەزمونێکی مێژوویی کە لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەیەکی گریمانەکراوەوە سەرچاوەی نەگرتەبێت، وێناناکرێت و هەموو هەوڵو تەقەلایێک بۆ گۆران و پێشڤەچوون دەرئەنجامی پێچەوانەی خواست و ویستە دژبە داپڵوسان و ڕۆخاندنی پێکهاتە کۆن و لەزوکەکانی سەرەڕوویی لێدەکەوێتەوەو ستەمکاری و دیکتاتۆری دووبارە بەرهەم دێتەوە.

شۆناس و کاراکتێری کۆمەلگە ڕۆژهەڵاتییەکان بە وەتەی مارکس لە «شێوەی بەرهەم هێنای ئاسیایی» (23) دا سەرچاوەی گرتوەو هەروەها، کارل وتیفۆگل لە

**. پروسەی دەوڵەتی نەتەویی ویست و ئامانجی سەرەکی و ئاراستەی سیاسی بزاڤی هەنوکەیی ئەم قۆناخە لە شۆڕشی ئەم وڵاتانە دیاری ناکات، بەڵکۆ هەوڵدان و تێکۆشانێکە بۆ بنەڕەتی کردنی بەهاکان و پرنسیپەکانی گشت مرویی لە سیمای ئازادیە دیمۆکراتیەکاندا بە ڕێگەی ڕۆخاندنی سیستم و پێکهاتەکانی سیاسی سەرەروو(Despotism)کە بە درێژایی دیەکان و سەدەکان لە بەستینی چەقبەستوی کۆنەخوازی و سەرکۆتکاریدا سەقامگیربوون و پێکهاتەبوون**



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئامادەکردن: ئەفراسیاب گرامی
Afrasyab.g@gmail.com
www.amrojane.blogspot.com

**لە پانتایەکی کراوەو ڕوو لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدنی جیهانیدا چیتر نەدەکراو ناکرێت وڵاتانی زلهێزی جیهانی باری خواری ڕژێمە دیکتاتۆریەکان ڕاست بکەنەوەو هەروها پێکهاتەو سیستمە پاوانخوازەکان بە شێوازی کۆن دەنگ وداواکاریەکانی ڕەواو لۆژیکی خەڵک کپ و سەرکوت بکەن**

تیۆری «سەرەرۆیی ڕۆژهەڵاتی» بنەماو پاشخانی مێژوویی ئەم دیاردە نیگاتیڤە دەستنیشان و پێناسەی دەکات.

ئەم بۆچوونو تویکاریە قوڵ و زانستیانە سەلمێنەری بە ئەنجام نەگێشتنی وێست و ئامانجەکانی گەلانی ئێران لە بزووتنەوەی مەشروتییەتەوە(1907) تا هەنوکە دەردەخات و بە واتییەکی تر، تەواوی جولانەوە ئازادیخوازە دیمۆکراتیکەکان، لە شۆڕشی مەشروتیەتەوە تا بزووتنەوەی خۆماڵی کردنی نەوت (1953)، شۆڕشی ئێران (1997) تا جوڵانەوەی سەوز؛ هەوڵدان و کۆششی کۆمەڵگەفرە نەتەویەکانی ئێرانیە بۆ دامەزراندن و پیکهێنانی ئازادی و سەروەری نەتەوەیی لە وڵاتدا.

لە مانەش گرنگتر ماکەو توخمی دواکەوتویی ڕۆژهەڵات بە لە بەرچاونەگرتن و کەمکردنەوەی بەهاو نرخی چەمکی تاک ویستی(Individualism) ، سەرچاوەی گرتووەو لە تەک ئاوەزمەندی (Rationality)و(Materialism) دا سێ ڕەگەزی مۆدێرنیتەیان پێکهێناوە. ئەم دیاردەیە سروشتی بگۆری پێکهاتەکانی کۆمەلایتی ـ فەرهنگی و میکانیزمی گەشەکردنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەو تاکی لاوازو تەریک خستووەوو بەهای پێویستی پێنەداوەو بە وەتەی هێگل «ڕۆژهەڵات بەوبونەوەو لە نزمترین پایەو پلەی وەرچەرخانی مروڤاییەتیدا بەسەردەبات کە ئەم شارستانیەتە لە ڕۆڵی تاکی ئازاد خافل بووە.»(24).

لە بورای سیاسیەوەو بە سەرنجدان بە چەمکی دەسەڵات و پەیوەنییەکانی لە گەل کۆمەڵگەدا، دوو بنەمای بەرچوەو هەستیار دینەئاراوەو، واتە پیکهاتەی دەوڵەت بە مانای هەراوەی وەشەکەوەو بەرپرسایەتی کۆمەڵگە لەبەرانبەر پرس و کیشەکانی گرنگ بە واتەی، چەشن و جورەکانی چین و توێژە و کاریگەریان لە ئاستی یەکتردا بە تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانیشیانەوە.

تۆماس سپرینگەر ڕیشەو رسکانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی نارەزاییە فرەلایەنەکانی کۆمەڵگە بەم جورە تویکاری دەکاتو دەنوسێ «لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کاتیک فەرمانرەواکان تێدەکۆشن دەسەلاتێک کە لە لایەن خەڵکەوە پێان نەبخشدراوە بەدەستی بهێنن، لە واقعیدا، ڕێکەوتننامەی نیوان خۆیان و خەڵک لەژێرپێدەخەن و لەم بارودوخەدا خەلکیش بۆیان هەیە پرنسیپەکانی ئەم ریکەوتننامەیە هەڵوەشێنەنەوەو دژی رابوەستن».(25).

بزووتنەوەی کوردو جوڵانەوەی سەوز بەدرێژایی ئەم سی و چەندساڵەی لەمەوبەر، ڕاستی و دیقەتی وردی لیکۆلێنەوەکانی سپرینگەری خستوەتە ڕوو و سەلماندویەتی.

سەرەرای ئەم گرنگیە ئاماژەپێکراوانەش، کورد وەکۆ خاون ئەزمۆنێکی مێژوویی بە ئاوەزمەندێکی شیاوی ستایشکردنەوە لە پروسەی دەربرینی دەنگی نارەزایی و جۆلەی دژ بە ڕژیمی دەسەڵات ویستی کۆماری ئیسلامی ئێران تارادەیەک بەشدار بووەو نیشانیدا کە بێ هەڵویست و بێ لایەن نییە.

ڕیبەرایەتی جوڵانەوەی سەوز ستراتیژیەکی روون و دیاریکراوی، بە تایبەت لە بواری پەیوەندییەکانی نێونەتەویی تا ئێستا گەڵاڵە نەکردووە هەڵوێستێکی بوێرانەی لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران، واتە چلۆنایەتی پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابوری لە تەک ولایتە یەکگرتوەکانی ئمریکا و سەرجەمی وڵاتانی پیشەسازی و پەرسەندوی ڕۆژئاواو سیاسەتی ئەتۆمی و هەروها دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی تاران لە وڵاتانی دراوسی و پرچەککردنی گروپە بنیادخوازەکانی ناوچەکە دیاری نەکردووەو سیاستی خۆپارێزانەو بێ کردەوە ڕەچاودەکات. لە ئاستی سیاسەتی ناوەکیەوەو لە مەر یەکێک لە پەنگخواردوترین کێشەکانی کۆمەڵگە پەیوەست بە دەستورو یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو لە لوتکەی هەموویانەوە "دیاردەی" وەلایەتی فقیی، هەڵویستیکی سست و لاواز و بە تەواوی لێل و خۆبەدستانەوی گرتوەو بە دووپاتکردنەوەی ڕەستەی بێ ماناو بێ ناوەرۆکی «گەرانەوە بۆ سەردەمی زێرینی ئیمام خۆمەینی» کە جاروباری لە زاری ڕێبەرانی ئەم جوڵانەوە دەبیسترێت؛ هەڵگرو رەنگدانەوەی دیدوو بۆچوونی پاشماوەکانی باڵی ریفۆرمیستە کە تا پیش و پاش هەڵبژاردەکانی دەورەی دەیەمی سەروک کۆماری لە ئێراندا لەئارادابووەو پێچەوانەی درۆشمەکانی خۆپیشاندرانی شارودێە گەورەو بچوکەکانی ئێرانە کە خوازیاری سەرنخۆنی دیکتاتورێت و هەڵوەشانەوەی سیستمی وەلایەتی فقی لە وڵاتدان .

لەلایەکی ترەوە هۆکاری سەرەکی خۆپاریزی لە بەشداری کردنی هەموو لایەنەو بەرفراوانی کورد لە رەوتی جولەی سەوز، جگە لە سەرکوتکاری و توندو تیژی هێزەکانی ڕژیم لە کوردستاندا، تەماوی بوون و نادیاری نیگاو ڕوانگەی خۆدی پێکهاتەی جوڵانەوەی سەوزە(لە خوارەوە تا سەروە) لە سەر کێشەو پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا؛ گرێکی کویرو ئەستەمە کەتا هەنوکە هەوڵ و مەیلی کرانەوەی لە لایەن ڕێبەرایەتی بزاڤی سەوزەوە نەبینراوە.

بە کورتی ئەگەر ڕژیمی پاونخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوکاودا لە ژێر گوشاری کۆنەپەرستی خۆیدا هەرەس بهێنی و شەپۆلێکی ناسەقامگیریی بنەماکان و کۆلەکەی کۆمەڵگە وەلەرزە بێنێت و ڕێبەرو یا ڕێبەرانێکی نوێ لە تاراندا دەرکەون، بێ لەپێش چاوگرتنی بزووتنەوەی کورد و بێ دابینکردنی ویستە مێژوویی و داواکارییە دیمۆکراتیکەکانی، سەقامگیری بەردەوام و ئاسایشی نەتەوەیی لەناوەرۆکدا بی مانا و پرسی نەتەویی لە ئێراندا بە بێ چارەسەری دەمێنیتەوە .

**پ ـ شۆرسی ڕاگەیاندن و تێکنۆلۆژی لە جیهانی ئەورۆدا زۆرترین شوێندانەریان لەسەر بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان هەیە، ڕاگەیاندن چ پێناسەیەک هەڵدەگرێ و لەروانگەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە چ ڕۆڵێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا دەگێڕێ؟**

لە سەردەمی شۆڕشی سێهەمی زانستی(تەکنۆلۆژی، ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکان)سیاسەتی جیهانی و پەیوندییەکانی نێونەتەویی

لە ئاکامی سەرهەڵدانی ڕێبازی تازەی جەمسەربەندی؛ بە شیوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەم لە ڕەواڵەت و هەم لە ناوەرۆکدا گۆرانکاری قولّی بەسەردا هاتوەو چەمکەکانی دەسەڵات،ڕەهابوونی دەوڵەت ،فەرمانرەوایی و زاڵیەتی،کەم بوونەوەی ڕۆڵی ئیدیۆلۆژی، کاریگەری ئابوری و هیزی سەربازی و بەرجستەو بەرزبوونی ڕۆڵی فەرهەنگ و هوشیاری کۆمەڵایەتی لە جیهانی هاوچاخدا، بونەتە هۆی سەرەکی و بنەڕەتی ئەم گۆرانکاریە قوڵانە و هۆکاری هاتنە ئارای خۆباوەری و هانە لە کۆمەڵگەی کوردەواریاندا پێکهێناوە.

لەپانتایەکی کراوەو ڕوو لە گەشەکردنی کۆمەلگەی مەدنی جیهانیدا چیتر نەدەکراو ناکرێت وڵاتانی زلهیزی جیهانی باری خواری ڕژیمە دیکتاتۆریەکان ڕاست بکەنەوەو هەروها پێکهاتەو سیستمە پاوانخوازەکان بە شیوازی کۆن دەنگ وداواکاریەکانی ڕەواو لۆژیکی خەڵک کپ و سەرکوت بکەن.

لەم سونگەوە ڕاگەیاندنەکان(دیداری، بیستراوەیی،نووسراوەیی) چواچیوەو بۆتەکلاسیکیانەی شکاندو وەکۆ ناوەندیکی گرنگی بڵاوکردنەوەی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هوشیاری نەتەویی هاتونەتە ئاراوەوە ناتواندرێت جۆر جاری جاران کوروەو، ژینۆساید و سەرجەمی نەهامەتکانی کوردستان لە فەزای جیهانیدا بشاردریەتەوەو روخسارو دەنگی کورد داخرێت و هاژی پێنەکرێت.

دامزراندی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی کوردی، چاپەمەنی و دەرهێنانی کتێب ونامێلکە و ڕۆژنامەو گۆڤارو دواتر ڕێخستنی توری ئینتێرنیت( وێبسایت، وێبلاگ) سەلماندی کە تا چ رادەیەک چەمکی راگەیاندن دەتوانێت کاریگەری چروپری لە سەر دوزی بزووتنەوەی ئازدیخوازانەی کورد هەبێت.(26)

بوارێکی گرنگی شۆڕشی زانستی کە کوردو نەتەوەکانی دیکەلە ئێرانیدا توانیان سوودی لێ وەربگرن، ئێنترنتە کە پێگەو بنەڕەتی سیستم و پیکهاتەی ڕژیمی تەواوخوازی ئێرانی هەژاندو توشی قەیرانی ڕەوایی کرد.

دەگمەن نییە کە ڕەستەی « لە کەلاشینکوفەوە بۆ کیبۆرد» رنگدانەوەی واقعیی دیسکۆرسی ڕاگەیاندنی سیاسی کوردە کە توانای ئەوەی هەیە کە چوارچێوەی تەنگ و تورشی پێکهاتەی حزب و ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بگۆری و لە روگەیەکی ترەوە بە سەر گۆتاری سیاسەتی شوینیستی و دەسەڵاتی رەهای کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بێت و هەوڵبدات بۆ پەرەپێدانی پەیام و دیسکۆرسێکی سیاسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**ـ ئایین لە کوردستان و پێوەندی ئایین بە بزووتنەوەی سیاسی کوردەوە و کاریگەرییەکانی لە ڕەوتی مێژووی کورد دا چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئایا ئایین ڕۆڵی ئەکتیڤی گێراوە یان بزووتنەوەی کوردی پەک خستوە؟ بەگشتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا چۆن لێکدەدەنەوە؟**

و ـ دوای هێرشی عەرەب و بە ئیسلامی کردنی کورد ، ئایین ڕۆلی گەورەو گرنگی لە کوردستاندا گیراوەو ئەم دیاردەیە زەمینەی هەمولاینەی پروسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیدیۆلۆژی بووە. ئاشکرایە کە ئایین و لقەجیاوازەکانی لە ڕەوتی مێژووی کوردستاندا ئالۆگوری قولّی بەسەرهاتوەو لە بەر هەلومەرجی سیاسی و لە غیابی ناوەندێکی بە هێز کە توانای ڕێکخستن و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی هاوبەش و نەتەویی کوردی بێت؛ ئایینی ئیسلام زمینەیەکی لە باری بۆ ڕەخساو بە خێرایی تەشەنەی کردە نێو ڕێزەکانی کۆمەلگەی کورد.

دوو تەریقەتی سۆفیزمی قادری و نەقشبەندی بە نێو پێکهاتە کۆمەڵایتیە جیاوازەکانی کوردیدا بڵاوبونەتەوە. مێژووی ئەم دوو تەریقەتە دەگەرێتەوە بۆ پێش مێژووی سەدەکانی هەژدەو نوزدەو ریبەران و سەروکەکانی ئەم لقە ئایینیە خاوەنی سامان و زەویوزارێکی مەزن بوون و ڕۆڵێکی گەوەریان هەبوو لە هەڕاش بوون و پەرەسەندنی سیستمی موڵکداری لە کوردستاندا.(27)

دیارە لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمەدا هوشیاری کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی زۆر نزم و پێکهاتەی نەریتی بە تەواوی دەست چوو زاڵ بوە ؛ ئاساییە کە ڕێبەرانی کۆمەڵ لە سیمای شیخ و دەربەگەکاندا دەرکەون و جەماوەریش بریتی بن لە لەشکری مروڤی بێدەنگ و بێ هەڵوێست و بی بیرکردنەوە کە دەسەڵاتی هیچ چەشنە بریاریکیان نەبێت و تەنیا شیخێک سەرکردەی تەریقەت و ئاغایێکی نێو بنەماڵەی دەسەڵاتدار بتوانێت جلوەی سەرکردایەتی بەدەستەوەبگرێ.

ئەم ڕەوتە هەروەها کە لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆلینەوەدا باسی لە سەر کرا تا لێکترازانی ئیمپراتۆری عوسمانی و تا پاش جەنگی دوهەومی جیهانی کاریگەری قوڵی لە کوردستاندا هەبوەو ڕۆڵی گورج و گورو خێرای لە سەرەرویی و کپ کردنی کۆمەڵگەی کوردیداد گیراوە.

بەئاوابوون و تێکشانی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە بەشی موڵکداریداو هاتنەئارای تویژەی ناوەراست و بڵاوبونەوەی بێرو هزری نوێ و پێشکەوتو، سەرەرویی وفەرمانرەوایی ئایینی توشی قەیرانی پێکهاتەی هاتوو لە ژێر سەنگ و قورسایی بێری نەتەویی و ئاراستەکانی ڕووناکبیری کەوتەپەراوێزەوەو تائەو جێگایە کە لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران(1979) بەشێک لە ڕێبەرانی ئایینی لە کوردستاندا ناچار بوون کەدان بە بزاڤی کوردا بنین و ڕەستەی " خودموختاری ئیسلامی" بکاربهێنن.

ئەگەر لە روانگاو ڕەهەندی سیاسیەوە رامینین،بزووتنەوەی کورد بە گشتی پرس و کێشەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا نییەو وئەم ڕەوتە بە باڵە جیاوازەکانیشیەوە(بنیادخواز، میانەرەر) نەیانتوانیوە لە ڕوی زانستیەوەو بەپشت بەستن بە مێتۆدەکانی تویکاری ئاکادێمیکانەوە بنەڕەتی پرسی کورد بدوزنەوەو لایەنەکانی جورواجوری چ لە ئاستی ناوەکیەوەو چ لە ئاستی دەرەکیەوە پێناسە بکەن. بەپێ بۆچوون و کۆنسێپتی ئیسلامەوە خۆدا ئاخرین پەیامبەرو دوواهەمین کتیبی بۆ مروف ناردوەو لەم روانگایەوە کەس بۆی نییە لەم ڕەگەزە ئەبەدیە ڕەخنەبگرێت و لە دەرەوی ئەم چوارچێوە دارشتراوە کێشەکانی مروف تویکاری و چارەسەربکات.

بەمپیەو بە راڤەکردنی مێژووی دوزی کورد بە تایبەت لەسەردەمی ڕۆخانی ئمپراتوری عوسمانی و دەورەی کۆلۆنیالیزم کە ببوە هۆکاری دابەشکردنی کوردستان و دەرکەتنی دەوڵەتەکانی عەرەبی لە ناچەکەدا؛ کورد خاونی هوشیاری سیاسی نەتەویی بەرز نەبوو لە هەمانکاتیشدا بزووتنەوەی کورد نەبوە فاکتەری بەرهەستی (subject)پەیوەندیەکانی نیونەتەویی و بەرژەوەندیەکانی لە گەل بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی گەورەی جیهانی هاوئاراستە نەکرابوو و نەیتوانی پیچەوانەی ناسیونالیزمی عەرب، دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمرزێنێ. لەسەردەمی نوێدا ،کورد ئەوقۆناخەی تیپەراندوەو تارادەیەکی زۆر گەیشتوەتە ئاستی هوشیاری و خۆباوەری نەتەوەیی؛ هزرو ئاراستەی ڕەوتی ئیسلام بی هێزو لاوازتر لەوەیە کە کورد وەکۆ توخمو هۆکارێکی کاریگەر و یارمەتیدەر بۆ پیشقەچوون و گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاری بهێنیت. یەکیک لەو هۆکارە گرنگانە کەرەوتی ئایینە ئیبراهیمیەکانی خستوەتە پەروویزەوە،(جگە لە کۆنسپتی خۆدی ئایین) پیشکەوتنی تەکنۆلۆژیە کە هۆکاری سەرەکی گۆرانی پەیوەندیەکانی بەرهم هێنەرەو بەم بونەوە گۆرانکاری قولّی لەژێرخانی کۆمەڵگەدا پیکهێناوەو ڕۆڵی مەزنی لە جیهاندا بینیوە.

ئیسلامی بنیادخواز لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی وەڵاتانی عەرەبی پیشانیدا کە سەنگ و قورسایی جارانی ڕوو لە کزی و لاوازبونەوەیەو ناتوانی چیتر دەسەڵاتی سیاسی، بەو چەشنەی کەلە ئێرانی ساڵی 1979 هاتەئاراوەو، لەدەستی خۆیدا پاوان و ڕێبەری بکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم وەرچەرخانە بایخدارانە کە بە خێرایێکی سەرسورهێنەرەوە لە جیهانی سەردەمدا تێدەپەرێت، ڕەوتی ئیسلامی سیاسی وەکۆ کونسپتیکی ئایینی، هێزو توانای بەربەرکانی لە تەک ئاڵوزی و کیشەفرەلایەنەکانی دونیای هاوچاخدا لە لایەکەوەو توانی ڕەکابەری لە گەل پروسەی مێژوویی و ڕۆڵی پەرەسندوی کۆمەلگی مەدنی و ڕۆشنبیری کوردی لە لایەکی ترەوە نییەو کاریگەری قوڵی نابێت لە پانتای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ؛ بەڵام نابیت ڕۆڵی تاران لە بە پرچەککردن و یارمەتی مادی گروپە سەلەفیەکانی توندرەو بۆ فەراهم کردنی فەزای توندوتیژی و تیروریستی لە کوردستاندا( بە باشۆریشەوە) لەبیربکرێت.

***



**سەرچاوەکان کە نووسەر لەم وتووێژەدا کەڵکی لێوەرگرتوون:**

-
Лазарев.М.С. Периодизация курдской истории. Дружба.н9,2000
Джалиле Джалил Восстание Курдов 1880 Года,с53
.3دیوید مک داول. تاریخ معاصر کرد. ترجمه ابراهیم یونسی، ص118 ـ 119
*دوو ئاراستەی سیاسی جیاوازو نا کۆک لە نێو رەوتی بزووتنەوی کوردی ئەو سەردەمەدا لە ئارادابوو کە بریتین لە : لایەنێکی سیاسی بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر کوری شێخ عوبەیدولای نەهری کە خوازیاری خومودختاری کوردستانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیداو جیگیرێکی سیاسی دی؛ بە ریبەرایەتی ئەمیر ئەمین عەلی خان کە داوای کوردستانێکی سەربەستی دەکرد. بروانە:
کریس کوچرا. جنبش ملی کرد. ترجمه ابراهیم یونسی.مؤسسۀ انتشارت پگاه. تهران ـ 1373.ص.41ـ 42
Ленин.В.И.Полн.собр.соч.4
. 5کریس کوچرا. جنبش ملی کرد. ترجمه ابراهیم یونسی، ص 28
(*2)بۆ زیاتر وەربوونەوە لەم بارەیەوە دەتواندرێت سەرنج بدرێتە نووسراوەکانی زانایان و پسپۆرانێک، وەک، چالز نیلی، مارکس، ماکس ڤێبەر و...
. 6Ю.Н.Давыдов. Макс Вебер и современая теоретическая соцология.с,41
Крепостничество (*3)کە لە زمانی فارسیدا بە سرواژ وەرگیراوەتە؛ سیستیمکی مۆڵکداری ئاوێتە بە توخمگەلێک لە روخساربەندی کۆیلەداریە و لەم سیستەمدا جوتیاران لە لایەن خاوەن مۆڵکەکانەوەو بە پشتیبانی دامودەزگای حکومەتی تزاری لە هەر چەشنە مافێکی مرویی بێبەری کرابوون تا ئەورادەیە کە خاون مۆلک دیتوانی نە تەنیا زەویەکان، بەڵکۆ خەڵکی ئاواییەکە بە کەسانێکی تر بفروشێت و یان جۆر دیاریی بە هەرکەسێک کە ویستی بیبەخشێت.
Чернышевский.Н.Г. Что Делать, .7 с.73
.8ایزایا برلین. متفکران روس.ص304
.9هەمان سەچاوە
.10اینیا تسیو سیلونە. نان و شراب
.11هانا آرنت. خشونت. ترجمەی عزت فولادوند.ص.109
М.М.Лебедева. Мировая .12 Политика.с.173
13ـ لە 7 ی مانگی جولای ساڵی 1923 کۆمیتەی راپەراندنی دەوڵەتی ئازەربایجان لە رێگەی دەستورێکی دەوڵەتیەوە دامزراندنی هەریمی خۆدمۆختاری کوردستانی سوری لە کەنار سنورەکانی قەرباغەوە راگەیاند.
Акопов.Г.Б.История курдского народа.1965.стр36.
14ـ ستالین لە نامەی 8 ی مەی 1946 دا بۆ پیشەوەری دەنوسێ «ئەمریکایەکان و ئینگلیسیەکان بە ئیمەیان گوت، ئەگەر سوپای سۆڤێت دەتوانی لە ئێران بمێنیتەوە، بۆ دەبی سوپای ئینگلیس نە توانی لە میسرو سوریەو ئەندونزی و یونان و سوپای ئەمریکا لە چین و ئیسلەندو دانمارک بمێنیتەوە. بویە ئێمە بریارمان دا کە سوپاکانمان لە ئێران و چین بانگ بکەینەوە بەم چەشنە بیانوو لو ئەمریکاو ئینگلیس ببرین و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کۆلۆنێکان پەرەپێ بدەین و بەم شێوەیە رەوایی بە سیاسەتی ئازادیخوازانەی خۆمان ببخشین و کاریگەری بکەین.»
هەفتەنامەی پەیامی کورد. ژمارە 75 رێکەوتی 2006/02/10
15ـ نامەی لیونید برێژنێف بۆ مەستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و رێبەری شۆرشی ئەیلوول «بە ئاسودەیی و خۆشحاڵیەکی زۆرەوە هەواڵی ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی چارەسەری کێشەی کوردمان بە شێوەیەکی ئاشتی پێ گەیی، بە بۆنەی ئەم دەستکەوتە گرنگەو جوانترین پێروزبایتان لی دەکەم... رێکەوتن لە سەر چارەسەری کیشەی کورد لێدانێکی گورجبرە لە داگیرکەران و کۆنەپەرستان.»
عومور حەمەئەمین نورەدینی. سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد. کوردستان،2003. لاپەری 99.
16ـ فەخری کەریم ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق رایگەیاند کە «ئەم بابەتە تەنها لە چوارچێوەی کارو چالاکی رێکخراوە مروڤ دۆستەکانداو لە زەمینەی کاری دژی مرۆڤایەتی نەخراوەتەروو، بەڵکو دەبیت دەوڵەتەکانیش سەبارەت بە جەنگو یاشتی هەڵوێست وەرگرن و هەڵوێستی ئارۆشن یەکێەتی سۆڤیەت بەرامبەر ئیمە قابیلی تیگەیشتن نییە، هەڵوێست روون و نادیاری ئەوان، سیاسەتی ئاشتیانەی بەشێک لە وەلاتانی سۆسیالیست و عەرەبی بەرامبەر بە عێراق سادەکرد.».
هەمان سەرچاوە، لاپەری 113

Лазарев.М.С.геополитическое .17 значение Курдстан. Азы и Африка .М.2001.с.23
18ـ غەنی بلوریان. ئاڵەکۆک. بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم. ستوکهۆڵم 1997، لاپەری 368
(*4)ـ ئێران بە هۆی ناردەکردنی ئیدوئۆلۆژی ئیسلامی بنیادخوازەوە بۆ عێراق و وڵاتانێک کە کەمینەی شیعەی لە دەسەڵاتی سیاسی دوورخرابوونەوە (بەحرەین، یەمەن) و عێراق بە بیانوی رەواڵەتی کێشەی روباری ئەروند (شط العرب) و لە ناوەروکدا بە هۆی فراوانخوازی سیاسی و سەربازیەوە لە داگیرساندنی شەرەکەدا و ئاکامە دژی مروڤایتیەکەیدا بەرپرسیارن .
.19مۆنتسرات گیبرنا. نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەویی، وەرگێرانی کەمال رەشید شەری، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری، سلێمانی 2003
(*5)ـ ئەم هەڵە ستراتیژیکیە تەنیا تایبەت بە حزب و رێکخراوەکانی کوردستان نەبووە. وەکۆ وێنە، حزبی تودەی ئێران بە هەڵسەنگاندنی زیادەرەوانەو بەرز نرخاندنی رۆلی پشتیبانی دەرەکی لە شۆرشی ئێران (بەرجستەکردنەوەی سیاستی دەرەوەی سوڤیەتی جاران ) کرییانە روونیکردەوە کەتوانای دەرکپیکردن و تێگەیشتن لە میکانیزم و جیاوازیەکانی سیاستی ناوەکی و دەرەکی نییەو ئاکامی ئەم هەڵە ستراتیژیکیەی بوە هۆی کەمبوونەوەی سەنگ و متمانەی ئەم حزبەی لە نێو جەماوەری خەڵکدا.
.20ـ خاطرات گورباچف. ص.712، مترجم دولتشاهی.
21ـ روودا ژمارەی (110) ل.12
Иммануил Каит. Критика практического разума,с.91. 22
Маркс К., Энгелс Ф.Соч., 2-е изд..23
.24پلانتییونزۆر ـ گی. هگل و اندیشەی فلسفی در روسیە. مترجم محمد جعفر پوینده. ص.320
.25توماس اسپریگنر. فهم نظریەهای سیاسی. ترجمە: فرهنگ رجایی. ص.73

26ـ .لە21مارسی 1989دا تەلەفزیۆنی وڵاتی سوید دیمەنی شاری هەڵبجەی بلاوکردەوە.
27ـ شێخ عوبەیدولای نەهری لە ماوەیکی فرەکەمدا ژمارەی دیهاتەکانی گەیاند بە 200پارچە و بیوە یەکێک لە هەرە گەورە زەویدارەکانی کورد و دەستی گرت بە سەر مەزراکانی تەماکوو بیوە هاوچاری کۆمپانیاکی فەرانسەوەی بە نێوی (رژی) کە مەزراکانی توتنی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پاوانکردبوو.
61Джалиле Джалил Восстание Курдов 1880 Года.с..